# چاوپۆشیکردن له تاوانێك كه به نەزانی ئه نجام ئەدرێت
# (العـــــذر بالجهل)

ئامادەكردنی : هێمن عەبدولعـــەزیز
Hemen_abdulaziz@yahoo.com
www.dangiislam.org

بسم الله الرحمن الرحيم

إنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوذُ بِاللهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهدِهِ اللهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلاَ هادِيَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ.

يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيراً وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيباً.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلاً سَدِيداً، يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزاً عَظِيمًا.

اَمّا بَعْدُ:
فَإِنَّ خَيْرَ الْحدِيثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الْهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وسَلَّم" وَشَرَّ الْأُمُورِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَة.

سەرنج:
ئەم كتێبە: پێكهاتووە لەم باسانەی خوارەوە

- **باسی یەكەم. تاریفی جەهل**
- **باسی دووەم. تاریفی عوزر**
- **باسی سێیەم. شوێنەواری جەهل لە سەر شیاوێتی ئەو كەسەی كە تەكلیفەكانی لە ئەستۆ دەگیرێ**
- **باسی چوارەم. ئەو جەهلەی كە ڕێگرە لە جێگیربوونی ئەحكامە شەرعییەكان**
- **باسی پێنجەم. جەهل وەك بەربەستێك لەبەردەم تەكفیركردندا**
- **ئایا جەهل ڕێگرە لەبەردەم سزا یان دەركردنی حوكمەكان؟**
- **بیروڕای عوزر بە جەهل**
- **سیفەتی ئەو كافرە نەزانەی كە لەبەر نەزانییەكەی عوزری بۆ دەهێنرێتەوە**
- **باسێك لەبارەی ئەهلـــی فەترەوە**
- **(أهل الفترە) كێن؟**
- **ئەو حاڵەتانەی كە جەهلەكان عوزریان بۆ ناهێنرێتەوە**
- **ئیقامە حوججە چییە؟**
- **بەچ شتێك بیانووەكان ئەبڕێن؟**
- **حاڵی مسوڵمانـــی جاهیل و بێئاگا**
- **ئەو حاڵەتانەی كە تیایدا عوزر بۆ جەهلـــی باوەڕداران دەهێنرێتەوە**
- **ئایا ئەوەی كە جنێو بەخواو بە پێغەمبەران ئەدات عوزری بۆ دەهێنرێتەوە؟**

# چاوپۆشیکردن لە تاوانێك کە بە نەزانی ئە نجام ئەدرێت
# (العــــــذر بالجهل)

"شێخ ئەبوویەسیر" لە کتێبی (العذر بالجهل و قيام الحجة) بەم جۆرە باس لەو مەسەلە دەکات:
دەڵێت: چاوپۆشیکردن لە جەهل و نەدانی، بنەمایەکە لە بنەماکانی تەکفیر، وە پێش ئەوە باس لە بابەتی عوزر بەجەهل بکەین، پێویستە کە بنەمایەك لە بنەماکانی تەکفیر روون بکەینەوە، کە بریتییە لە (تەکفیرکردنی گشتیی بە رەهایی ناچەسپێ بەسەر کەسی دیاریکراودا، ئەویش لەبەربوونی بەربەستێك کە رێگری دەکات لە تەکفیرکردنەکە).
دەشێ بگوترێت ئەم کارە یان ئەم رەفتارە کوفرە، وە ئەوەی کە وا بکات یان وا رەفتار بکات کافرە، بەڵام ئەگەر ئەو رەفتار و کوفرەت لە کەسێکدا بەدی کرد ناشێ کە بەو کەسە بڵێیت: تۆ کە وات کرد ئیتر کافریت! بۆیە یەکێك لەو رێگرییانەی کە پەرچە لەبەردەم تەکفیرکردنی کەسی دیار کراودا، بریتییە لە جەهل و نەزانیی ئەو کەسە، واتە عوزری بەجەهل بۆ دەهێنرێتەوە.
هەروەك لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە کە پیاوێك هەبوو کە هیچ کارو کردەوەیەکی خێری نەبوو، بە خاوو خێزانەکەی خۆی گوت: ئەگەر مردم بمسووتێنن، پاشان خۆڵە مێشەکەم پەرت و بڵاو بکەن و نیوەی بهاوێنە نێو دەریاو نیوەکەی تریش لە وشکانیدا پەرت بکەن! چون سوێند بەخوا، ئەگەر خوا بتوانێ زیندووم بکاتەوە، ئەوە بە جۆرێ سزام ئەدات، کە هیچ کەسێکی بەم چەشنە سزا نەدابێت؟! دەڵێ کاتێ کە پیاوەکە مرد، خاوو خێزانەکەی وەسێتەکەیان بە جێگەیاند! پاشان خوای گەورە فەرمانیدا بە وشکایی و بە دەریا کەوا خۆڵەمێشەکەی بۆ کۆ بکەنەوە ، پاشان خوا زیندووی دەکاتەوەو پێی دەفەرموێت بۆچی واتکرد؟ ئەویش گوتی لە ترسی تۆ ئەی پەروەردگار! ! پاشان خوای گەورە لێی خۆش بوو! !
"ئێخولئیسلام ئیبنوتەیمییە" (رەحمەتی خوای لێ بێت)، ئەڵێ : ئەم پیاوە گومانی لە دەسەڵاتی خوا هەبوو، بەڵکوو هەر گومانی هەبوو لەوە کەوا زیندوو ببێتەوە، ئەمەش بە کۆرای هەموو زانایان کوفرەو خاوەنەکەی لە ئیسلام دەردەهێنێ، بەڵام ئەم پیاوە نەفامبوو، هیچ شتێکی نەدەزانی، بەڵکوو ئیماندار بوو و لە خواش ئەترسا لەوە کە خوا سزای بدات، بۆیە خوا لێی خۆش بوو! ![1]
ئیمامی "نەوەوی" لە شەرحی ئەو فەرموودەدا دەفەرموێت: یانی خوا توانای هەیە کە ئەگەر هەر بەم جەستەوە بنێژرێم لە دواییا زیندووم بکاتەوە، بەڵام ئەگەر ئێوە بمسووتێنن و خۆڵەمێشکەم بە ناو دەریاو وشاکانیدا پەرت و بڵاو بکەنەوە، ئەو کات ناتوانێ کە زیندووم بکاتەوە! ![2]
ئاشکرایە کە ئەم پیاوە گومانی چووبووە دەسەڵاتی خواوە، وای ئەزانی کە خوا دەسەڵاتی ئەوەی نییە کە ئەگەر ئەو وابکات خوا بتوانێ زیندووی بکاتەوە، دیارە ئەوەش کوفرێکی گەورەیە، وەلێ جەهلەکەی و ترسەکەی بووە هۆکاری ئەوە کە خوا عوزری بۆ بهێنێتەوە، بۆیە لێی خۆش بوو.
هەروەها پێغەمبەر "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەفەرموێت: «أَتَانِي جِبْرِيلُ ، فَقَالَ : يَا مُحَمَّدُ ، إِنَّ اللَّهَ -عَزَّ وَجَلَّ- قَدْ لَعَنَ الْخَمْرَ وَعَاصِرَهَا ، وَمُعْتَصِرَهَا، وَشَارِبَهَا، وَحَامِلَهَا، وَالْمَحْمُولَةَ إِلَيْهِ، وَبَائِعَهَا، وَمُبْتَاعَهَا، وَسَاقِيَهَا، وَمُسْتَقِيَهَا»[3] واتە: جوبریل هاتە لام گوتی: ئەی موحەممەد، خوای بەرزو بڵند نەفرەتی کردووە لە ئارەق و لەوەی کە درووستی دەکات، لەوەی کە پێی درووست دەکرێت، لەوەی کە دەیخواتەوە، لەوەی کە هەڵیدەگرێت، لەوەی کە پێی هەڵدەگیرێت، لەوەی کە دەیفرۆشێت، لەوەی کە پێی دەفرۆشێت، لەوەی کە دەیگێڕێت، لەوەی کە پێی دەگێڕدرێت.
هەروەها دەگێڕنەوە هەروەك لە "سەحیحی بوخاری"دا هاتووە کەوا لەسەردەمی پێغەمبەر "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" پیاوێك هەبوو ناوی "حیمار" بوو ئارەقی دەخواردەوە، پێغەمبەری خواش "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" پێکەنینی بەکردەوەکەی دەهات، دەیانهێنا ئەویش لەسەر ئارەق خواردنەوەکەی شەللاقی لێ ئەدا، رۆژێك هێنایانەوە لای و ئەویش فەرمانی داك ە شەللاقی لێ بدەن، ئەڵێ پیاوێك لەناو خەڵکەکە هەڵسایەوە گوتی: نەفرتی لێ بێت، ئەوە چەندەم جارە

---

(١) مجموع الفتاوى ٣/٣٣١
(٢) شرح صحيح مسلم: ١٧/ ٧٤
(٣) صحيح الجامع الصغير: ٧٢ عن ابْنَ عَبَّاسٍ "رَضِيَ اللهُ عَنْهُ"

دەهێنرێیتەوە لەسەر ئارەقخواردنەوە لێت دەدرێتەوە!! پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" کە ئەمەی بیست فەرمووی: «لا تَلْعَنْهُ فَإِنَّهُ يُحِبُّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ»[1] واتە: نەفرەتی لێ مەکە، چونکە ئەو خواو پێغەمبەری خۆش دەوێت.

"شێخولئیسلام ئیبنوتەیمییە" (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" نەیهێشت لەوە کە نەفرەتی لێ بکرێت! لەگەڵ ئەوە کە دە جاران هەر بۆ هۆکار ئارەقخوارنەوەوە هێنیاویانەتە لای و ئەویش فەرمانی شەللاقی لێدانی بۆ دەرکردووە، بە بێ ئەوە نەفرەتی لێبکات، هەرچەندە لە فەرموودەکەش فەرمویەتی ئەوەی ئارەق دەخواتەوە نەفرەتی لێکراوە!! بۆیە نەفرەتی گشتی بەتایبەت ناکرێت بەسەر کەسی تایبەتا. تەکفیری موتڵەق و رەهاش هەروایە، بۆیە بەڵێنی سزای رەهاش کە لە قورئان و سوننەتدا هاتووە بەچەند مەرجی جێگیربوونی (مەرجەکانی لاچوونی پەرچەکان) هاتووە[2] (یانی جێگیربوونی ئەو شەرت و مەرجانەی کە رێگەن بۆ لاچوونی مەوانیعەکانی تەکفیرکردنی ئەوکەسە).

هەروەها دەڵێت: لەو مەوانیعانەی کە دەبێتە هۆی هەڵگرتنی ئەو بەڵێنانەی کە خوا داویەتی لەبارەی سزادانی ئەوە کەسەوە، بریتین لە تۆبەو ئیستیغفار و چاکەکان و بەڵاو نەهامەتییەکان و رەحمەتەکانی خوا .. هتد.

هەڵبەت نموونەی ترمان زۆرە لەم بارەوە، لەوانە دەگێرنەوە کە رۆژێك "بیلال" (خوای لێ رازی بێت)، قاپێ لە خورمایەکی چاکی بۆ پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" هێنا، پێغەمبەریش "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمووی: ئەم خورما چاکەت لە کێ هێنا؟ ئەویش گوتی: ئێمە خورمایەکی خراپمان هەبوو، دووقاپم لە خورما خراپەکە بە قاپێك بەم خورما چاکەم فرۆشت؟! پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" وەی وەی!! جا ئەمە ریبایەکی تەواوە! نا وامەکە، بەڵکوو گەر ویستت خورمای تر بکریت، ئەوە ئەم خورمایەی خۆت بە شتی تر بفرۆشە، لە دوایدا خورمای تری پێ بکرەوە.

سەرنج دەن لەگەڵ ئەوەی ئێمە ئەزانین کەوا نەفرەت لەو کەسە کراوە کە سوو ئەخوات، یان ئەوەی کە وەکیلێتی، ئەوەیش کەوا شایەدەو ئەوەیش کە دەینووسی، ئەمانە هەمووی وەك یەك وان، وەك پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەفەرموێت: «لَعَنَ اللَّهُ آكِلَ الرِّبَا وَمُوكِلَهُ، وَشَاهِدَهُ، وَكَاتِبَهُ»[3] واتە: خوا نەفرەتی کردووە لە سووخۆر و سوودەرو شایەتییەکەی و نووسەرەکەی.

یان دەبینین کە زۆرێك لە پیاوانی ئەم ئوممەتە کە ئەهلی زانستیشن، لەوانە (کوفی)یەکان پێیان وایە کە ئارەق تەنها لە (تری)وە درووست دەکرێت، وە جگە لە ئارەقی (تری)ش، باقی شەرابی تر خواردنەوەیان درووستە!! مەگەر ئەوە سەرخۆشت بکات، ئەوکاتە دەبێ دەستی لێ هەڵبگریت!! بۆیە زۆرێك لە ئەهلی ئیسلام بەم قسانەی ئەو زانا بەرێزانەی کووفە کە ئارەقیان پێ حەڵاڵ بوو، تێگەوتن و بەپێی فەتوای ئەوان کەوتنە حەڵاڵ کردنی زۆر جۆر چەشن ئارەقەوە!!! بۆیە لێرەوە بۆتۆ درووست نییە کە بڵێیت: کەوابوو ئەو زانایانەی کە ئەم رێگە خراپەیان خۆش کردووە، ئەوە دەکەونە بەر هەرەشەو بەڵێنەکانی خواوە لە قیامەت، چونکە کەوتوونەتە ئەم هەڵەوە!! بۆیە ئەمە درووست نییە، چونکە ئەو زانایانە، لە هەوەنتە ئەم قسانەیان نەکردووە، بەڵکوو کەوتبوونە ژێر کاریگەری تەئویلکردنی دەقەکانەوە!! ئەوان بەو جۆرە لە دەقەکان گەیشتبوون کە وایاندەزانی هەر وایە کە ئەوان بۆی چوونە!!

هەروەها دەبینین کە هەندێ لە یارانی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" ئارەقیان ئەفرۆشت!! تا ئەم هەواڵە گەیشت بە "عومەری کوڕی خەتتاب" ئەویش فەرمووی: دەك فوڵانەکەس خوا بیکوژێ! ئەی نەیانزانیوە کە پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرموویەتی: «لَعَنَ اللَّهُ الْيَهُودَ حُرِّمَتْ عَلَيْهِمُ الشُّحُومُ فَجَمَلُوهَا فَبَاعُوهَا»[4] واتە: خوا نەفرەتی کردووە لە جوولەکە، کاتێ کە بەز و چەوریان لێ حەرامکرابوو، کەچی ئەوان دەچوون دەیانتوانەوەو دەیانفرۆشت!

یاخود دەبینین کە پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەفەرموێت: «إِذَا الْتَقَى الْمُسْلِمَانِ بِسَيْفَيْهِمَا فَالْقَاتِلُ والمَقْتُولُ فِي النَّارِ، قُلْتُ : يَا رَسُولَ اللَّهِ ، هَذَا الْقَاتِلُ فمَا بَالُ الْمقْتُولِ ؟ قَالَ: إِنَّهُ كَانَ حَرِيصاً عَلَى قَتْلِ صَاحِبِهِ»[5] واتە: ئەگەر دوو مسوڵمان بە

---

(١) البحر الزخار بمسند البزار

(٢) الفتاوى: ١٠/ ٣٢٩

(٣) رواه مسلم عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ "رَضِيَ اللهُ عَنْهُ"

(٤) متفق عليه عن ابن عباس "رَضِيَ اللهُ عَنْهُ"

(٥) رواه البخاري عن أبي بَكْرَةَ "رَضِيَ اللهُ عَنْهُ"

شمشێرەکانیان ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە (شەڕ لەگەڵ یەکدا بکەن)، ئەوەی بکوژەو ئەوەی دەکوژرێت، دەچێتە دۆزەخ، (ئەبی بەکرە دەڵێت:) گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا "صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" ئەوە دەزانین کە بۆچی بکوژەکە دەچێتە دۆزەخ، بەڵام ئەوەی کە دەکوژرێت بۆچی؟ فەرمووی: چون ئەویش سووربوو لەسەر کوشتنی هاوڕێکەی.

بەڵام دەبینین کە (ئەهلی جەمەل و سوففین) ناکەونە بەر هەڕەشەی ئەم فەرموودەوە چونکە چاکەکانیان ئەم بەرگرییەیان لێدەکات، وە ئەوان تەئویلی دەقەکانیان کردبوو تا وایان دەزانیّ کە هەڕەشەکانی ئەم فەرموودە ئەوان ناگرێتەوە!!

کەوابوو هەرکەس بەدوای سوننەت و هەواڵەکانی سەلەفەوە بچێت، کۆمەڵێ فەرمودەو هەواڵگەلێك دەبینێت لەبارەی ئیمام و پێشەوایان کە هەمیشە کوفری گشتییان لەسەر کەسی داپاریکراودا بە تایبەت نەگرتووە.

دەبینین کەوا "ئیمام ئەحمەد" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) (جەهمی)یەکانی بەشێوەی گشتی تەکفیرکردووە، چونکە نکوڵیان لە ناووسیفەتەکمنی خوا دەکرد، بەڵام بەناو هیچ کەسێکی لە جەهمییەکان کافر نەکردووە! لەگەڵ ئەوە تەکفیرکردنی جەهمییەکان لای سەلەف شتێکی ئاشکراو بەرچاوبووە، لەکاتێکدا کە بانگەوازکردن بۆ قسەیەکی کوفری گەورەترە لەوەی کە قسەی پێدەکرێت، لەگەڵ هەموو ئەمانە ئەو پێشەواو سەکردانەی کە هەمان قسەی جەهمییەکانیان دەکردووە، کە دەیانگوت: قورئان مەخلووقە!! وە دەیانگوت: کە خوا لە ڕۆژی دوایی نابینرێ، وەخەڵکیان بۆ ئەو جۆرە بیرکردنەوە بانگ دەکرد، وەخەڵکیان لەسەر ئەوە سزا ئەدات کە هەمان بیروبۆچوونیان نەبوایە!!! وە ئاونەشیان بەکافر دەزانی کە ئەم ڕایەی ئەوانیان نەبوایە! یان ئەگەر لە شەڕێکدا بە دیلی کەسێکیان بکەوتایە دەست کە پێی وانەبوایە کە قورئان مەخلووقە، ئەوە ئازادیان نەدەکرد، تا دانی بەوە ئەنا کە قورئان مەخلووقە؟!! هەتا ڕزق و ڕۆزیان لە بەیتولمالی مسوڵمانانیش نەئەدا بە خەڵك تا هەمان قسەی جەهمییەکانیان نەکردایە!! کەچی لەگەڵ ئەوە "ئیمام ئەحمەد" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) هەر بەزەیی پیایاندا دەهاتەوەو داوای لێخۆشبوونی بۆ دەکردن، چونکە "ئیمام ئەحمەد" پێی وابوو کە ئەوان کەوتوونەتە ناو تەئویلێکی هەڵەوە!!

هەروەها "ئیمام شافعی" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەو کاتەی "حەفسی فەرد" گوتی: قورئان مەخلووقە، پێی گوت تۆ کوفرت کرد بەخوای گەورە! سەرنجدەن پێی گوت: ئەم قسەیەی تۆ کوفرە، بەڵام حوکمی هەڵگەڕانەوەو کوفری نەدایە پاڵ، بەو مانایە پێی بڵێت: تۆ کافریت. چونکە ئەو کەسە بۆی ڕوون نەکرابووەوە کە ئەوەی دەیکات کوفرە، خۆ ئەگەر ئیمام "شافعی"یش پێی وابوایە کە ئەو کەسە هەڵگەڕاوەتەوە ئەوە بێگومان فەتوای کوشتنی بۆ دەرئەکرد![1]

بەڵام کە دەڵێین: تەکفیری ڕەها ناچەسپێ بەسەر کەسێك بەتایبەتی، ئەوە نییە کە هەموو جار هەر وابێت، چون کەسێك کە مەرجەکانی کافربوونی تیا جێگیر بوو ئەوە ئەو کەسە ڕاستەوخۆ تەکفیر دەکرێت.[2]

بۆیە ئەو پێشەکییەمان دا، بۆ ئەوە خوێنەر پێش ئەوە باسی عوزر بەجەهلی بۆ بکرێت پێویست بوو ئەم سەرەتایە بزانێت.

**خۆشەویستان، خوێنەرانی هێژاو سەنگین:**

بەپێویستی دەزانم بۆ زیاتر ئاشنابوون و بەرچاوڕوونبوونی زیاتر، ئەم باسە لەچەند خاڵێکدا کورت بکەمەوە:

**یەکەم:** تاریفی جەهل و کاریگەری لەسەر کەسانی تەکلیفلێکراو:

**دووەم:** حوججەتەکانی خوا گە دەبێتە هۆکاری هەڵگرتنی تەکلیفەکان:

**سێیەم:** سیفەتی ئەو کەسەی کە ئیقامەی حوججە دەکا لەوکەسەی کە ئیقامەی حوججەی لەسەر دەکات.

**چوارەم:** سیفەتی ئەو کەسەی کە ئیقامەی حوججەی لەسەر دەکرێت لە لایەن ئەو کەسەی کە ئیقامەی حوججەکەی لەسەر دەکات.

(١) الفتاوى لابن تيميه:٢٣/ ٣٤٨ت٣٤٩

(٢) هەروەك لە بەشی بەکافرکردن بەدوورودرێژی باسمان لەو خاڵەدا کردووە

**یەکەم. تاریفی جەهل و ڕوونکردنەوەی شوێنەواری جەهل لەسەر کەسانی تەکلیفلێکراو.**

١. تاریفی جەهل، ٢. تاریفی عوزر، ٣. شوێنەواری جەهل لەسەر ئەهلیەتی ئەو کەسەی کە تەکلیفی لەسەر دەکرێت،

٤. ئەو جەهلەی کە ڕێگرە لەوە کە حوکمە شەرعییەکانی لەسەر جێبەجێ بکەیت، ٥. ئەو جەهلەی کە مانعی تەکفیرە.

بۆ ڕوونکردنەوەی هەریەك لەم خاڵانەی سەرەوە (شێخ عەبدالقادر عەبدولعەزیز) لە کتێبی (الجامع في طلب العلم الشريف)دا دەڵێت:

**باسی یەکەم. تاریفی جەهل:**

١. جەهل: بریتییە لە شارەزانەبوون بە شتێك کە ئەبوو شارەزایی پێی هەبوایە. جەهلیش لەم بابەتەماندا برتییە لە شارەزانەبوون بە ئەحکامە شەرعییەکان یان هۆکارەکانی.

٢. ئەویش دووجۆرە:

**(أ) جەهلی سادە**: کە بریتییە لەوە کە ئەسڵەن زانیاری بەهیچ شتێك نەبێت، وەك ئەو کەسەی کە هەرگیز زانیاری لەبارەی پێغەمبەرەوە نییە.

**(ب)جەهلی تێکەڵاو**: بریتییە لە زانستبوون بەشتێك بە خیلاف هەقیقەتی ئەو شتە، وەك ئەو کەسەی کە دەڵێت: پێغەمبەر درۆزنە ! ! یانی زانستی هەیە کە ئەو پێغەمبەرە، وەلێ وا ئەزانێت کە ئەو پێغەمبەرێکی درۆزنە ! ! نایشزانێ کە ئەو درۆزن نییە !

٣. جەهل هەرچەندە پەیوەستە بە زانستەوە پەیوەستیشە بە کردەوەوە.

"شێخولئیسلام ئیبنوتەیمییە" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: (وشەی جەهل: بریتییە لە نەبوونی عیلم، هەروەك لێکیش دەدرێتەوە کە نەزانێت کردەوە ئەبێ لە ڕووی زانینەوە ئەنجام بدرێت.[1]

هەروەها "ئیبنولقەییم" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: "قەتتادە" دەڵێت: هاوەڵانی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" تێکرا یەکدەنگن لەوە کە هەرکەسێك لە فەرمانی خوا یاخی ببێت ئەوە جاهیلە، جاهلیشی لێرە بریتی نییە لە جەهل بە حەرامێتی یاخیبوون، چونکە ئەگەر جاهیل نەبوایە لەفەرمانی خواش یاخی نەئەبوو. بۆ ئەوانە وەك هیچ شەللاق و تێهەڵدانێك نییە لە دونیادا، دیارە لە ڕۆژی دواییش هیچ سزایەکی لەسەر ئەم جەهلە کە بەرامبەر حەرامێتی حەرامەکان هەیەتی لەسەر نییە، بەڵکوو نەفسی تاوانەکە هەر پێی دەگوترێت جەهل، چونکە جەهل بەناوی هۆکارەکەیەوە درووست بووە.[2]

هەروەها جەهلی کردەوە بریتییە لە کردنی شتێك بە خیلاف ئەو شتەی کە ئەبێ بکرێت، جا ئەو کەسە ئەقیدەیەکی درووست یان نادرووستی بەرامبەر بەو شتە هەبێت.

ئەو کەسەی کە شتێك بە خیلاف ئەوە کە ئەبێ بکرێت و بیکات، لەگەڵ ئەوە ئەقیدەیەکی درووستی لەئاستدیا هەبێت، ئەوە مسوڵمانێکی یاخییە. ئەم جۆرە جەهلەش زۆر هاتووە لە قورئاندا، لەوانە دەفەرموێت: ﴿كَتَبَ رَبُّكُمْ عَلَى نَفْسِهِ الرَّحْمَةَ أَنَّهُ مَنْ عَمِلَ مِنكُمْ سُوءاً بِجَهَالَةٍ ثُمَّ تَابَ مِن بَعْدِهِ وَأَصْلَحَ فَأَنَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ (الأنعام: ٥٤). واتە: دڵنیابن کە پەروەردگارتان لەسەر خۆی نوسیوە بەبەزەیی و بە ڕەحم بێت لەگەڵتان و هەرکەسێکیشتان لەنەزانی خۆیەوە گوناهێ بکا لەپاشان پەشیمان ببێتەوەو ئاکاری چاك رەچاو بکات بەڕاستیی خوایش لەبەرامبەر ئەوکەسەوە زۆر پۆشندەو لێبوردەیە بۆ گوناحانیان، زۆریش میهرەبان و دلۆڤانە.

یان دەفەرموێت: ﴿وَإِلاَّ تَصْرِفْ عَنِّي كَيْدَهُنَّ أَصْبُ إِلَيْهِنَّ وَأَكُن مِّنَ الْجَاهِلِينَ﴾ (يوسف: ٣٣). واتە: خۆ ئەگەر تۆ فێڵ و حیلەی ئەوانەم لێ لانەدەیت بەمیهرەبانی خۆت لەوانەیە دڵم مەیل و ئارەزوویان بکات و بچمە ڕیزی نەزان و نەفامەکانەوە. یان

(١) مجموع الفتاوى ٧/٩٣٥

(٢) مفتاح دار السعادة ١/ ١٠١، ط دار الفكر

دەفەرموێت: ﴿قَالَ هَلْ عَلِمْتُم مَّا فَعَلْتُم بِيُوسُفَ وَأَخِيهِ إِذْ أَنتُمْ جَاهِلُونَ﴾ (يوسف: ٨٩). واتە: یووسف خۆی دەناسێنێ بە براکانی: گوتی: زانیتان کاتی خۆی چیتان بەسەر "یووسف" و براکەی هێنا؟ ئەوەدەمەی ئێوە بەراستییەکان نەزانبوون!

وە ئەوەی کە شتێك ئەکات بە خیلاف ئەوەی کە ئەبێ بکرێت، بەلاّم ئەقیدەکەی لە ئاستیدا فاسیدە، ئەوە کافرە، ئەم جۆرە جەهەلش دیسان لە قورئاندا هاتووە لەوانە دەفەرموێت: ﴿قُلْ أَفَغَيْرَ اللَّهِ تَأْمُرُونِّي أَعْبُدُ أَيُّهَا الْجَاهِلُونَ﴾ (الزمر: ٦٤). واتە: ئەی موحەممەد "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بلێ: جا ئێوە فەرمان بە من ئەدەن کە لە باتی خوا، خوای تر بپەرستم ئەی نەزانەکان؟!

٤. جەهل: زیاتر وەك زەمێك بەکاردەهێنرێت، هەروەك لە دەقەکانی پێشوودا بۆمان دەرکەوت، تەنها بۆ دەرخستنی حاڵەتەکانیش باس لەو جەهلە دەکرێت، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَحْسَبُهُمُ الْجَاهِلُ أَغْنِيَاءَ مِنَ التَّعَفُّفِ﴾ (البقرة: ٢٧٣). واتە: ئەو کەسەی کە شارەزای ژیانیان نەبێ و نەیان ناسێت، لەبەر عیففەت و نەفس بەرزییان، وادەزانێت دەوڵەمەندو بێ نیازن. جەهلیش لەم ئایەتەدا بە مانای نەبوونی شارەزاییەوە هاتووە.

٥. وشەی جەهل و نەخوێنەوار (الجهل والأميّة) زۆر لەیەك دوورن.

لە پێشەوە لەبارەی جەهلە قسەمان کرد، وەلێ نەخوێنەوار ئەو کەسەیە کە نەدەنووسێ نە دەخوێنێتەوە، هەروەك چۆن تازە لە سکی دایکی هاتبێتە دەرەوە. وەك خوای گەورە لە وەسفی پێغەمبەرەکەمان "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەفەرموێت: ﴿الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الْأُمِّيَّ﴾ (الأعراف: ١٥٧). واتە: ئیمانداری کامڵ ئەوانەن دەکەونە شوێنی ئەو پەیامدارو هەواڵدەری خوایە، کە نەخوێندەیە.

وە لەتاریفی نەخوێنەوارییەکەشی دەفەرموێت: ﴿وَمَا كُنتَ تَتْلُو مِن قَبْلِهِ مِن كِتَابٍ وَلَا تَخُطُّهُ بِيَمِينِكَ﴾ (العنكبوت: ٤٨). واتە: هەرگیز لەپێش ناردنی ئەم قورئانەدا تۆ هیچ کتێبێکت نەخوێندۆتەوە و بەدەستی خۆیشت هیچ نامەو کتێبێکت نەنووسیوە.

**کەوابوو نەخوێنەوار ئەو کەسەیە کە نەدەخوێنێ نە دەنووسێ.**

بۆیە هیچ پەیوەندییەك لە نێوان جەهل و نەخوێنەوار (أُمي)یەوە نییە، زۆریش لە هاوەڵانی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" نەخوێنەوار بوون، کەچی زاناترینی ئوممەتی ئیسلامی بوون.

بەلاّم کاتێك کە خوێندنەوەو نووسین گەورترین هۆکاری فێربوونی زانست بێت، ئەوە جەهل و نەدانی لای نەخوێنەواران زۆرترو زیاترە.

ئەوەی کە جێگەی تێرامان و سەرنجیش بێت، نەخوێنەوارییەکەی پێغەمبەری ئەکرەم "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" گەورەترین موعجیزە بوو، بۆیە ئەو بە مامۆستای زانایان و پێشەنگ و سەرقافڵەی دانایانی ئەم دونیایە حسێب دەکرێت. هەروەك مەولەوی شاعیر دەڵێت:

**هەتیو بە ئەدەب ئومی عەللامە**

**لەمە موعجیزتر موعجیزە کامــە**

یانی: ئەو پێغەمبەرە هەتیوو بێباوك بوو، کەچی زۆر بە ئەدەب و ڕێزو حورمەت بوو، وە نەخوێنەواربوو، کەچی عەللامەیەکی بێسنوور بوو.

بەلاّم نەخوێنەواری لە غەیری پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بە نەقس و کەموکوری لێك ئەدرێتەوە، هەروەك "قازی عییاز" لە کتێبی (الشفا في حقوق المصطفى صلى الله عليه وسلم)دا ئاماژەی پێداوە.

**باسی دووەم. تاریفی عوزر**

عوزر (العذر): بریتییە لەو بیانووەی کە چاوپۆشی لێ دەکرێت، وەك دەڵێت: (إعتذر) یانی داوای چاوپۆشی کرد، یان عوزری هێنایەوە. یان دەڵێن: (واعتذر عن فعله) یانی: لە کارێك کە کەرکردوویەتی داوای چاوچۆشی دەکات.[1]

---

(١) (لسان العرب لابن منظور، ٤/ ٥٤٥.) (المعجم الوسيط لمجمع اللغة العربية، ٢/ ٥٩٠)

بۆیە بەم پێیە عوزر بەجەهل؛ واتە: چاوپۆشیکردن لە فەرامۆشکردنی واجبێك کە ڕاینەپەڕاندووە، یان ئەنجامدانی کردەوەیەکە کە لەشەرعدا نەهی لێکراوە.

**باسی سێیەم. شوێنەواری جەهل لە سەر شیاوێتی ئەو کەسەی کە لە ئەستۆ دەگیرێ:**

١. (المكلف): بریتیە لە مرۆڤێکی بالّغ و ڕەشید، کە تەمەنی گەیشتبێتە ئەندازەیەك لە ڕووی شەرع و یاساوە بەرپرسیار بێ.[١]

٢. مەرجی درووستی تەکلیف: بریتییە لە توانایی کەسێك کە لە تەکلیفە شەرعییەکان بگات کە ئاڕاستەی دەکرێن، ئەمەش دیارە کە بە ئەقڵ دەبێت.

کاتێك کە قورس ئەبێت لەوە کە وەك پێویست تەقدیری توانایی ئەقڵی ئەو کەسە بکرێت بۆ تێگەیشتن لە فەرمانەکان، لێرەوە شارع مەرجێکی ئەو تەکلیفە زیاد ئەکات، ئەویش بالغبوونە، واتە: بۆ ئەوە دیارکەوێت کە ئەو کەسە ئەشێت ئەقڵی بە تەکلیفەکان بشکێت ئەوە سەیر دەکرێت کە داخوا بالغ بووە یاخود نا!!

کەوابوو تەکیلفی شەرعی لەسەرکەسێك دەچەسپێ کە بالغ و ئاقڵ بێت. بەڵگەش ئەم فەرموودەیە کە دەفەرموێت: «رُفِعَ الْقَلَمُ عَنْ ثَلَاثَةٍ : عَنِ النَّائِمِ حَتَّى يَسْتَيْقِظَ، وَعَنِ الصَّبِيِّ حَتَّى يَحْتَلِمَ، وَعَنِ الْمَجْنُونِ حَتَّى يَعْقِلَ»[٢] واتە: قەڵەم لەسەر سێ کەسان هەڵگیراوە، خەوتوو تا بە ئاگا دێت، منداڵ تا بالغ دەبێت، شێتیش تا ئەقڵی دێتەوە بەر.

٣. شیاوێتیبوون (الأهلية) بۆ هەڵگرتنی تەکلیفەکان: بریتییە لە شیاوبوونی ئەو کەسەی کە تەکلیفی شەرعی لێدەکرێت. ئەویش دووبەشە:

(أ) ئەهلی تەکلیف بێت: واتە: ئەو کەسە بشێت بۆ هەڵگرتنی ئەو تەکلیفە، ئەویش بریتییە لە:

أ. دەرك پێکردن، ئەویش بە (بالغبوون و ئەقڵ و زانین و تێگەیشتن لە تەکلیفەکان)

ب. ئیختیار: واتە زۆری لێ نەکرێ و بە ویست و ئیرادەی خۆی تەکلیفەکە وەربگرێت یان ڕەتی بکاتەوە.

ج. شیاوێتی واجیبوون: یانی ئەو کەسە شیاوی ئەو واجب خستنە سەرەی بێت.

ح. بەربەستەکانی شیاوێتیی: بریتییە لەو بەربەستانەی کە ڕێگرن لەبەردەم تەکلیفەکە.

خ. جۆرەکانی بەربەستەکانییەکانی شیاوێتیبوون (أنواع موانع الأهلية):

لەپێشدا باسمان لە مەرجەکانی سیحەتی تەکلیفکرد کە بریتییە لە (ئیدراك و ئیختیار)

بەڵام بەربەستەکان: یان لەکەلّکەوتنی ئەقلّیێشکانەکانە وەك: منداڵ و شێت و لەبیرچوون و خەوتن و جەهل و سەرخۆشی، یانیش لەکەلّکەوتنی ئیختیارەکانە، ئەویش بریتییە لە تۆبزیکردن و زۆرلێکردنەکان، بەڵام فەقیهەکان بەربەستەکانیان لە دوو خاڵدا کورتکردۆتەوە.

(أ) بەربەستە ئاسمانییەکان: یانی ئەو شتانەی کە جگە لە خوا هیچ بەندەیەك دەستی تیایاندا نییە، بۆیە ئەدرێتەوە پاڵ ئاسمان، چونکە لە دەرەوەی دەسەڵاتی بەندەکانە. لەوانە: منداڵ و شێت و لەبیرچوون و خەوتن و بیهۆشی و نەخۆشی و مردن.

(ب) ئەوبەربەستانەی کە درووست کراون: بریتییە لەوانەی کە ئینسان خۆی دەستیان تێدا هەیە کە وایکردووە بەربەستێك هەبێت لەو تەکلیفەی کە لێی دەکرێت، لەوانە: جەهل و هەڵە و سەرخۆشی و لەڕولاوازی. وە لەو بەربەستانەی کە لە غەیرەوە درووست ئەبێت بریتییە لە تۆبزی و زۆرلێکردن.

هۆکاری ئەوەیش کە جەهل بریتییە لە بەربەستێکی وەدەستهێنراو (مكتسب)، چونکە ئەسڵ لە ئینساندا جەهلە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَاللَّهُ أَخْرَجَكُم مِّن بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ لَا تَعْلَمُونَ شَيْئًا وَجَعَلَ لَكُمُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ وَالْأَفْئِدَةَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ (النحل: ٧٨) واتە: خوا ئێوەی لەپزدانی دایکتانا وەدەرهێنا، کەچی ئەوکاتە هیچ شتێکتان نەدەزانی و گوێ و چاوو دڵی پێدان ، هەتا بە ژیرانە بیربکەنەوە بەشکو شوکرانە بژێری بن و، بەباشی خوا بناسن.

---

(١) قامووسی ڕستە بەرگی ٤ لاپەڕە ٢٢٩٢ مامۆستا مەحموود گەلاڵی

(٢) سنن أبي داود – كتاب الحدود باب في المجنون يسرق أو يصيب حدا – حديث: ٣٨٤٦

چون ئەسڵ ئەوەیە کە ئینسان لە سکی دایکی دەردەچێت هیچ شتێك نازانێت، ئەمەش بریتییە لە جەهل، کەچی کراوە بە بەربەستی موکتەسەب، چونکە ئەوەی کە لەسەر بەندە واجیبە ئەوەیە کە هەوڵ بدات لەو جەهلە خۆی قوتار بکات، ئەویش بە ڕووکردنە زانست و هەوڵ دان بە دەستگیربوون لە زانستەکانەوە، بەتایبەت ئەو زانستانەی کە فەرزی عەینین، بۆیە خوای گەورە ڕێگاکانی وەرگرتنی زانستەکانی داوە بە ئینسان کە بریتییە لە ئامێری بیستن و بینین و هەستپێکردن (السمع والأبصار والأفئدة)، بۆیە ئەگەر ئینسان ئەو هۆکارانەی بەکاهێنا بۆ پەیاکردنی زانست و زانیاری، ئەوە لەسەر درووستی ئەبێت کە شوکری خوا بکات، وەك خوای گەورە فەرمووی: ﴿لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾، بەڵام ئەگەر ئەو ئینسانە ئەوکردوکۆشەی نەکرد و هەوڵی نەدا کە ئەو زانستە دەستگیر بکات، ئەوە خۆی ئیختیاری جەهلی کردووە، بۆیە لێرەوە ئەم جەهلە ئەبێتە بەربەستێکی موکتەسەب، واتە: ئەو کەسە خۆی هۆکاری ئەوەیە کە بە نەفامی بمێنێتەوە.

**باسی چوارەم: ئەو جەهلەی کە ڕێگرە لە جێگیربوونی ئەحکامە شەرعییەکان:**

سەرەتا ڕوونمان کردەوە کەوا جەهل بەربەستێکە لەبەربەستەکانی شیاوێتی بوون بۆ هەڵگرتنی تەکلیفەکان، بەو مانایە کە قسەو ڕەفتاری ئەو کەسە لە ڕووی شەرعییەوە هیچ ئیعتیبارێکی بۆ ناکرێت و هیچی لەسەر بونیاتنانرێ.

کەواتە: بنەمای حوکم لە شەریعەتدا بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە حومکدان لەسەر بنەمابوونی مەرجێك یان بوونی بەربەستێك، بۆ نموونە لەبارەی حوکمی نوێژنەکەرەوە، هۆکاری حوکم لێرە ئەوەیە، کە شارع بوونی نیشانەو دیاردەیەك دەکاتە هۆکاری حوکمدانەکەی. ئەگەر ئەو نیشانەیش نەبێت ئەوە حوکمەکەش نابێت، بۆیە نموونەمان بە نوێژ نەکەر هێناوە، چون حوکمی کافرکردنی نوێژنەکەر دەبەسترێتەوە بەو نیشانەی کە لەو کەسەدا ئاشکرا بووە، وە مەرجی حوکمەکەش دەوستێتەوە لەسەر بوونی حوکم لە سەر بوونی ئەو شتە، ئەگەریش ئەو شتە نەبێت حوکمەکەش نابێت، کەواتە بەپێی ئەو شتەی کە لێی دیار کەوتووە، حوکمەکە دەردەچێت، بۆ نموونە هەر لەسەر مەسەلەی نوێژنەکەر، ئایا ئەوکەسەی کە نوێژ ناکات کەسێکی ئاقڵ و بالغ و پێگەیشتووە، وە بە ئەنقەست نوێژەکەی ناکات یاخود نا؟!

بەربەستی حوکمەکەشی هەر پەیوەستە بە نەبوونی نیشانەیەك بۆ حوکمدان بەسەریدا، بۆیە هەر لەنموونەکەی نوێژنەکەرەوە دەبینی ئەو کەسەی نوێژناکات، چون نەزانە بەوە کە نوێژ فەرزە، کە لەوانەیە ئەو کەسە لە (دار الحرب) یان وڵاتانی کوفرنشین مسوڵمان بووبێت، وە کەسیش لەوێ فێری نوێژی نەکردووە، بۆیە هەر بەنەفامی ماوەتەوە، جا لێرەوە ئەو جەهلە دەبێتە بەربەست لەمەر جێگیرکردنی حوکمی کافرکردنی کەسەکە.

**بەڵام هێشتا ئەو کارە شتی زۆری ماوە قسەی لەسەر بکرێت.**

**بۆیە دەڵێین: حوکمەکان دووجۆرن، کە بریتین لە حوکمەکان لە ڕۆژی دوایی و حوکمەکان لە دونیادا.**

١. **جۆری یەکەم.** حوکمەکانی ڕۆژی دوایی: بریتییە لە موحاسەبەکردن و لێپێچینەوەی بەندەکان لە لای خوا لە ڕۆژی دوایی.

لێرەدا کە "سیووتی" دەڵێت: (الجهل مسقط للإثم مطلقا) یانی: نەزانی هۆکاری لاچوونی تاوانبارێتییە بە شێوەیەکی ڕەها، ئەمە لە ڕۆژی دواییە. پێی وایە کە خوای گەورە بەندەی خۆی لەسەرتاوانێك موحاسەبەناکات، کە بەجەهل کردبێتی، یان نەیکردبێت، وەك تەرككردنی واجیبێك یان کردنی کارێك کە خوا نەهی لێکردووە، وەك دەفەرموێت: ﴿وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا﴾ (الإسراء: ١٥). واتە: ئێمە تۆڵەو سزای هیچ خەڵكێكمان نەداوە، هەتا پەیامبەرێکیان بۆ نەناردبن ڕێیان بۆ ڕۆشن بکاتەوە.

٢. **جۆری دووەم:** حوکمە دونیاییەکان: ئەمەش دووجۆرە: کە بریتین لە حەقەکانی خوا و حەقی بەندەکان.

أ. **هەقەکانی خوا:** ئەویش بریتییە لە تەرككردنی واجیبێک یان کردنی کارێکی حەرام. ئەمەش چەند خاڵێکە:

(١) ئەگەر ئەو کەسە لەبەر نەزانی خۆی واجبێکی تەرك کردبێت، ئەوە واجیبە لەسەر کە بیکات.

(٢) ئەگەریش کارێکی حەرامی کربێت بە نەزانی، کە ڕەنگە:

– خراپەکی زۆری لێ نەکەوتبێتەوە، ئەوە هیچی تیا نییە.

– بەڵام ئەگەر خراپەی لەگەڵ خۆی هێنابێت، ئەوە حوکمەکەی لەسەر لاناچێت، وەك سەربڕینی نێچیر لەکاتی ئیحرامدا.

– یان تاوانێك کە لە بنەڕەتا سزای لەسەر بێت، وەك ئەو کەسەی کە ئارەق دەخواتەوە بەڵام لەبەر بێئاگایی خۆی وا نازانێت کە حەرامە، ئەوە دیسان ڕەنگە حوکمی ئارەقخواردنەوەی بەسەردا نەسەپێنرێ.

**ب. بەڵام لە هەقی بەندەکاندا:** ئەگەر کەسێك مافی کەسێکی زەوتکردبێت، هەر چەندە بەجەهلیش بووبێت ئەوە حوکمەکەی لەسەر لا ناچێت.

کەوابوو جەهل و بێئاگایی کاریگەری زۆری لەسەر جێگیرکردنی حوکمەکاندا هەیە.

"سیووتی" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: ئەگەر کەسێك لەبەر بێئاگایی خۆی پشتی لە واجیبێك کرد، ئەوە لەسەری واجیب دەکرێ کە بیکات.

بەڵام "ئیبنوتەیمییە" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بە پێچەوانەی ئەوە ڕاجیح دەدات و دەڵێت! بەڵام کۆکردنەوەی هەر ڕاوبۆچوون ئەوەیە: کە گێڕانەوەی واجیب واجیبە، مادام هێشتا کاتی مابێت، وە دەڵێت: (بەم شێوە هەرکەسێك واجیبێك تەرك بکات، کەچی نەزانێ کە ئەو شتە واجیبە، ئەگەر تێگەیەنرا کە واجیبە ئەوە لەسەریەتی کە لەمەولا بیکات، بەڵام ئەوەی کە نەیکردووە نایگێڕێتەوە، لە درووستترین دوو قسەی مەزهەبی ئیمام ئەحمەد و غەیری ئەو هەر بەم شێوە هاتووە، بەم جۆرە گەر کەسێك شتێکی ناشیاو لە نوێژدا ئەنجام بدات و نەزانێ کە ئەم کارە ناشیاوە، پاشان دوایی زانی کە شتێکی خراپی کردووە، وەك ئەو کەسەی کە لەتەوێڵەی حوشتر نوێژ دەکات، یان ئەو کەسەی کە دەستنوێژ لە شتێکا ناگرێتەوە کە واجیبە بگرێتەوە، وەك ئەو کەسەی کە گۆشتی حوشتر دەخوات و دەستنوێژ ناگرێتەوە.. هتد، کەسێ کە دوای نەزانین کە بیری هێنرایەوە نوێژی نەکردووە، یەکسەر نوێژەکەی ئەکات، وەك پێغەمبەری خوا "صَلّی اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەفەرموێت: « مَنْ نَسِيَ الصَّلاَةَ فَلْيُصَلِّهَا إِذَا ذَكَرَهَا »[1] یانی: کەسێك بیریچوو کە نوێژ بکات، با بیکات ئەگەر بیری هاتەوە.

بەڵام کەسێ نەزانێ کە واجیبە، ئەگەر تێگەیەنرا کە واجیبە ئەوە نوێژەکەی دەکات، بەبێ ئەوە ئەوەی پێشووی بگێڕێتەوە، هەروەك لە فەرموودەدا هاتووە دەفەرموێت: «عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ "رَضِيَ اللّٰهُ عَنْهُ" : أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ "صَلّی اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دَخَلَ الْمَسْجِدَ فَدَخَلَ رَجُلٌ فَصَلَّى، ثُمَّ جَاءَ فَسَلَّمَ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ "صَلّی اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"، فَرَدَّ رَسُولُ اللَّهِ "صَلّی اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" السَّلاَمَ، قَالَ: "ارْجِعْ فَصَلِّ فَإِنَّكَ لَمْ تُصَلِّ". فَرَجَعَ الرَّجُلُ فَصَلَّى كَمَا "كَانَ" صَلَّى، ثُمَّ جَاءَ إِلَى النَّبِيِّ (صلى الله عليه وسلم) فَسَلَّمَ عَلَيْهِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ "صَلّی اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم": "وَعَلَيْكَ السَّلاَمُ". ثُمَّ قَالَ: "ارْجِعْ فَصَلِّ فَإِنَّكَ لَمْ تُصَلِّ". حَتَّى فَعَلَ ذَلِكَ ثَلاَثَ مَرَّاتٍ، فَقَالَ الرَّجُلُ: وَالَّذِي بَعَثَكَ بِالْحَقِّ مَا أُحْسِنُ غَيْرَ هَذَا، عَلِّمْنِي» (رواه مسلم). واتە: "ئەبووهورەیرە" دەڵێ: پێغەمبەری خوا "صَلّی اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" هاتە مزگەوت، لەوکاتەدا پیاوێکیش هاتە مزگەوت و نوێژی کرد، ئینجا هاتە خزمەت پێغەمبەر "صَلّی اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" سەلامی لێکرد، پێغەمبەر "صَلّی اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" وەڵامی سەلامەکەی دایەوەو فەرمووی: (بگەڕێرەوە نوێژەکەت بکە چونکە تۆ نوێژت نەکردووە، پیاوەکە گەڕایەوەو نوێژەکەی کردەوە ئینجا هاتەوە خزمەت پێغەمبەر "صَلّی اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" سەلامی لێکرد، پێغەمبەر "صَلّی اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمووی: سەلامیش لەسەر تۆ، ئینجا فەرمووی: بگەڕێرەوە نوێژەکەت بکەرەوە، چونکە تۆ نوێژت نەکردووە) هەتا سێجار ئەمەی کرد پیاوەکە گوتی: سوێند بەوەی بەهەق تۆی ناردووە، لەوە باشتر نازانم، فێرم بکە...!

سەیر بکەن کە پێغەمبەری خوا "صَلّی اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمانی کرد کە ئەو نوێژەی ئێستا بگێڕێتەوە، بەڵکوو فەرمانی پێ نەکرد کە ئەم نوێژانەی کە نەیکردوون بیانگێڕێتەوە، چونکە ئەو نوێژەی کە پێی دەگێڕایەوە هێشتا کاتەکەی نەڕۆیشتبوو.

بۆیە پێغەمبەر "صَلّی اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمانی بە "عومەر" و "عەممار" نەکردووە کە نوێژەکەیان بگێڕنەوە، ئەویش ئەو کاتەی کە "عومەر" تووشی لەشگرانی بوو نوێژی نەکرد، "عەممار"یش هەر لەشگران بوو، بەڵام هات کە ئاو نەبوو خۆی وەك گیانلەبەر لە خۆڵێدا گەوزاند! دیسان پێغەمبەر "صَلّی اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمانی بە "ئەبووزەر" نەکرد بەوە کە لەشی گرانبوو بەهۆی لەشگرانییەکەیەوە نوێژی نەکرد، نوێژەکەی بگێڕێتەوە!

یان دەبینین کە فەرمانی بەو ئافرەتە نەکرد کە تووشی نەخۆشی (ئیستیحازە)[2] ببوو کە بەجەهل نوێژەکەی نەکردبوو، نوێژەکەی بگێڕێتەوە!!

---

(١) رواه مسلم عن ابي هريرة "رَضِيَ اللّٰهُ عَنْهُ"

(٢) ئیستیحازە جیاوازی لەگەڵ حەیز هەیە، حەیز دیارە بریتییە لە سووڕی مانگانەی ئافرەت، بەڵام ئیستیحازە خوێنێکە هەر لە ڕەحمی ئافرەتەوە دەردەچێت و خوێنەکەی لە دەمارەوە یە، بۆیە ئافرەت لەو کاتەدا بە پێچەوانەی خوێنی حەیز هەموو بەندایەتییەکی لەسەرە کە بیکات.

هەروەها فەرمانیشی بە "عەدەی کوڕی حاتەم" نەکرد کە ڕۆژووەکەی بگرێتەوە کە لەبەر بەهەڵە حاڵی بوونی لەمەڕ ئایەتی ﴿حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الأَسْوَدِ﴾ کە تا ڕۆژهەڵات نانی خواردبوو! وەك "عەدەی کوڕی حاتەم" (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە دەڵێت: کاتێ کە ئەم ئایەتە دابەزی کە دەفەرموێ: ﴿وَكُلُواْ وَاشْرَبُواْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ﴾ (البقرة: ١٨٧). واتە: دەسا بەدرێژایی شەوگار بخۆن و بخۆنەوە، بچنەلای خێزانەکانتان هەتا ئەوکاتە هەودای سپیایی دەمەوبەیان لەنێو هەودای ڕەشی شەو لەرۆژهەڵاتەوە دەردەکەوێ و جیائەبێتەوە. "عەدەی" دەڵێ منیش: دوو داوە دەزووی ڕەش و سپیم هەڵگرت و لە ژێر جێگاکەی خۆمم دانا! ( لەکاتی پارشێودا) سەیرم کرد و نەم بینیـنەوە؟!! ئەڵێ: ئەمەم بۆ پێغەمـبەر "صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" باس کرد ئەویش پێـکەنـی.

فەرمووی: بەڕەکەت زۆر دوورو درێژە!! (نەخێر) مەبەست لە ئایەتەکە ئەوە نییە، بەڵکوو مەبەستی پێ شەوو ڕۆژە.[1] گومانیشی تیا نییە کەوا کاتێك سەحابەکان پارشێویان ئەکرد تا نزیك ڕۆژهەڵاتی ئەخاياند، بەلأم پێغەمبەر "صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" ڕۆژووەکەی بە "عەدەی" نەگێڕایەوە چونکە بە هەڵە لە ئایەتەکە حاڵی ببوو.

یان ئەو کاتەی کە هێشتا چوار ڕکات نوێژەکان دوو بەدوو ئەنجام ئەدران، کاتێ کە "زەید" هیجرەتی کرد، نوێژەکان کران بە چوار، لە مەککەو لە حەبەشە و شوێنی تر هێشتا زۆر مسولمان هەبوو، کە بەگۆڕینی شێوەی نوێژەکانیان نەزانیبوو، بۆیە هەر دووڕکات دووڕکات نوێژەکانیان ئەنجام ئەدا، کەچی پێغەمبەر "صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمانی گێڕانەوەی پینەکردن. یاخود فەرمانی بەوانەش نەکرد کە هێشتا بۆ نوێژەکانیان ڕوویان لە بەیتولمەقدیس دەکرد، لەکاتێکدا کە ڕووگە گۆڕابوو بەرەو مەککە، کەچی پێغەمبەر فەرمانی گێڕانەوەی نوێژەکانیانی نەکرد.[2]

ئەمانەی باسکران پەیوەستبوون بە کاریگەری و شوێنەواری جەهل و بێئاگایی لەسەر بەندەکان، کە هۆکاری بەربەستیی بوون لەبەردەم حوکمە شەرعییەکان، بۆیە ئەوەشمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە باسی عوزر بەجەهل بریتیە لە باسەکانی (ئوسوڵی فیققهـ) نەك لە باسەکانی ئەقیدە.

**باسی پێنجەم: جەهل وەك بەربەستێك لەبەردەم تەکفیرکردندا.**

یانی ئەو بەربەستەی کە ڕێگرە لەبەردەم حوکمی تەکفیرکردنەکەدا، حوکمکردنیش بە کوفر وەك باقی حوکمەکانی تر وایە، جەهل و بێئاگاییش بەربەستێکی ترە لەبەردەم تەکفیرکردندا.

لە ئەحکامەکانی دونیادا تەواوی حوکمەکان بەسەر زاهیرو ڕواڵەتدا دەچەسپێ، ئەگەر کەسێك ڕەفتارێك یان گوفتارێکی کوفری لێ ئاشکرابوو، ئەوە تەکفیر دەکرێت بەو مەرجە کە بەربەستێك لە ئارادا نەبووبێت و مەرجەکانی تەکفیرکردنی تیا جێگیربووبێت، سەرنج ئەدرێت ئەگەر ئەو کەسە لە (دار الإسلام)[3] بووبێت، ئەوە داوای تۆبەی لێ ئەکرێت لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە، بەلأم ئەگەر بەربەستێك هەبووبێت وەك ئەوە کە لە(دار الحرب)[4] بووبێت، ئەوە درووستە بۆ هەرکەس کە بیکوژێت بەبێ ئەوە داوای تۆبەی لێ بکرێت، لێرەشەوە حسێب بۆ مەسلەحەت و مەفسەدەتی ئەو کارە دەکرێت، ئەگەر مەفەسەدەی زیاتر بوو بە کوشتنی ئەوە وازی لێ

---

(١) ئەم باسە لە (صحيح سنن ابی داود/ ٢٠٥٩) دا هاتووە

(٢) مجموع الفتاوی ٢٣/ ٣٧ - ٣٨

(٣) (دار الإسلام): بەم شوێنە دەڵێن کەوا بڕواداران حوکمی تیا دەگێڕن و بەرنامـەی خـوای تیـا پیادەدەکەن، ئەگـەر چی خەڵکەکەشی نا مسولمان بن.

(٤) (دار الحرب): هەموو ئەو شوێنانەیە کە ئەحکامی کوفریان تیا زاڵەو لە نێوان بڕوادارانیش هیچ عەهدو بەڵێنێك نەبێت. یان دەڵێن: ئەم شوێنەیە کە قەت ئیسلامی نەگەیشتبێت. یان دەڵێن: ئەو شوێنەیە کە شەڕی بڕوادار و بێباوەڕی لێ بێت. (دارالکفر)یش هەندێك دەڵێن: هـەر (دار الحـرب))ە، هەندێکیش دەڵێن: بـەم شـوێنە دەڵێن کـەوا بـێ بڕوایـان حـوکمی تیـا دەگێڕن و بەرنامەی غەیری خوای تیا پیادە دەکەن، ئەگەر چی خەڵکەکەشی مسولمان بن.

دەهێنرێ، ئەگەریش مەسلەحەتی پێ تەحقیق بوو، ئەوە مەسلەحەتەکە هەڵدەبژێریت.[1]

**ئایا جەهل رێگرە لەبەردەم سزا یان دەرکردنی حوکمەکان؟**

یانی ئەگەر کەسێك رەفتارێك یان گوفتارێکی کوفری لێ بینرا، وەك ئەوەی بڵێت: لە رۆژی دوایی نە زیندووبوونەوەیەك نە حسێب و کتێبێك لە ئارادا نییە، یان کەسێك سوژدە بۆ بتێك بەرێت، ئەمانەشی هەمووی لە جەهلەوە بێت، ئایا هیچ رێگرییەك لەوکاتەدا لە ئارادا هەیە بەوە کە ئەو کەسە تەکفیر بکرێت؟ یان ئەو کەسە بە کوفرەکەی تەکفیر دەکرێت، بەڵام لەبەر جەهلەکەی سزاکەی وەك سزای کافربوون لەسەر هەڵدەگیرێت؟!!

وەڵام:

ئەمەیان بەپێی حاڵی کەسەکان دەگۆڕێت، ئەگەر ئەو کەسە خۆی کافر بێت، ئەوە جەهل مانعێکە لەبەردەم سزادانی، ئەگەریش مسوڵمان بێت ئەوە جەهل مانعێك ئەبێت لەبەردەم کافرکردنی و سزادانیشی.

بەکورتی و بەکوردی:

١. ئەگەر ئەو کەسە کافری ئەسڵی بێت، بەڵام بێئاگابێت لە بانگەوازی پێغەمبەر "صَلّى اللّٰہ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" ئەوە حوکمەکەی دیارە کە هەر بەکافری ماوەتەوە، وە ناگوترێت کە کوفرەکەی دەوەستێتە سەر ئەوە تاچەند بانگەوزای ئیسلامیی پێگەیشتوو، بەڵکوو ئەو پێش بانگەوازەکە کافر بووە، بەڵام لە دونیاو لە ئاخیرەت سزا نادرێت تا حوججەی لەسەر نەکرێت، بۆیە "ئیبنولقەییم" (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: ( واجیبە لەسەر بەندە کە بزانێت کە هەرکەس لەسەر ئاینی غەیری ئیسلام بێت کافرە، خوای گەورەش سزای هیچ کەس نادات تاکوو حوججەی لەسەر نەکات، بەڵام لە ئەحکامەکانی دونیادا ئەوە حوکم تەنها لەسەر رواڵەت دەکرێت، بۆ نموونە منداڵی کافران و شێتەکانیان لە ئەحکامی دونیادا کافرن)[2] بەڵگەش ئەوەیە کە هەرکەس لەسەر ئاینی ئیسلام نەبێت تا حوججەی لەسەر دەکرێت کافرە.

**بەڵگەش لە قورئان و سوننەتدا**

خوای گەورە دەفەرموێت:

أ. ﴿وَإِنْ أَحَدٌ مِنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّى يَسْمَعَ كَلَامَ اللَّهِ﴾ (التوبة: ٦). واتە: هەر یەکێك لەو موشریکانە پەنای پێهێنایت، پەنای بدە؛ داڵدەی بدە، هەتا بەباشی فەرمایشتی خوا دەبیسێ و لێی حاڵی دەبێ.

دەبینین کە خوا بە موشریك ناویان دەنێت، کە هێشتا بانگەوزایشیان پێنەگەیشتووە، چونکە خوا فەرمووی: ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَا يَعْلَمُونَ﴾. یانی: چونکە ئەوانە گەلێکن نازانن ئیمان و بروا چییە.

ب. وە دەفەرموێت: ﴿هُوَ الَّذِي خَلَقَكُمْ فَمِنكُمْ كَافِرٌ وَمِنكُم مُّؤْمِنٌ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾ (التغابن: ٢). واتە: هەر ئەو خوایەیە ئێوەی دروستکردووە، ئینجا هەتانە بێباوەرو کافر، بە ئارەزووی خۆی لەفیترەت لایداوە، هەیشتانە بەئیمان و باوەڕدار، هەمیشە لەسەر نەخشەی فیترەت ئەڕوا لانادات. هەروەها پێغەمبەر "صَلّى اللّٰہ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەفەرموێت: «لَا يَرِثُ الْمُسْلِمُ الْكَافِرَ وَلَا يَرِثُ الْكَافِرُ الْمُسْلِمَ»[3] واتە: نە مسوڵمان میرات لە کافر دەبات، نە کافری شلە مسوڵمان میرات دەبات.

کەواتە لە دوو دین زیاتر نییە، ئەویش یا ئیسلامە یان کوفرە، یان ئیمانە یا کوفرە، ئەوەی مسوڵمان نەبێت کافرە.[4]

ئەمەش بەڵگەیە کە پێی دەگوترێت کافر لەگەڵ بوونی جەهلەکەی پێش ئەوە دەعوەی پێ بگات، بەڵام ئەوەیە کە لە پێش بانگەواز سزا نادرێت، وەك درووستیش نییە کە لە دونیا بکوژرێت، تا بانگەواز نەکرێت، خوای گەورەش لە ئاخیرەت ئەشکەنجەی نادات مەگەر لە دونیا دەعوەی کرابێت.

---

(١) لەدواییا زیاتر باسی دەکەین

(٢) طريق الهجرتين

(٣) متفق عليه عَنْ أُسَامَةَ بْنِ زَيْدٍ "رَضِيَ اللهُ عَنْهُ"

(٤) الفصل في الملل والأهواء والنحل لابن حزم، ٣/ ٢٧٦ - ٢٨٥

بەڵگەش ئەمانەی خوارەوەیە:

**(أ)** خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا﴾ (الإسراء: ١٥)[(١)]

**(ب)** وە دەفەرموێت: ﴿وَلَوْلَا أَن تُصِيبَهُم مُّصِيبَةٌ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ فَيَقُولُوا رَبَّنَا لَوْلَا أَرْسَلْتَ إِلَيْنَا رَسُولًا فَنَتَّبِعَ آيَاتِكَ وَنَكُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ﴾ (القصص: ٤٧). واتە خۆ ئەگەر لە بەر ئەوە نەبا کە تووشی بەڵاو دەردێك بووبان بەهۆی ئەو کردەوانەی کردوونیان (پێش هاتنی تۆ) ئەوجا بڵێن پەروەردگاری ئێمە! بۆچی پێش ئەم سزایە پەیامبەرێکت بۆ نەناردین تا پەیڕەوی لە ئایەتەکانت بکەین و لەریزی برواداراانیشدا بووینایە، واتە: تۆمان ناردە لایان تا هیچ بروبیانوێکیان نەمێنێ.

"ئیبنوتەیمییە" (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوە ئەشکەنجەدانی ئەوکەسە شتێکی براوەیە، ئەویش بە مەرجی پێگەیشتنی پەیامەکەیە، بۆیە خوا فەرمووی: ﴿رُسُلًا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللَّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ﴾ (النساء: ١٦٥) واتە: گشتیان پێغەمبەری مژدەدەرو ترسێنەر بوون، تا دوای ئەو پێغەمبەرانە هیچ بەڵگە و بیانوویێك بۆ ئەوخەڵکیە نەمێنێ لەلای خوا، ئەگەر لارو لاسار بوون.[(٢)]

(ج) هەروەها خوا دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ أَنَّا أَهْلَكْنَاهُم بِعَذَابٍ مِّن قَبْلِهِ لَقَالُوا رَبَّنَا لَوْلَا أَرْسَلْتَ إِلَيْنَا رَسُولًا فَنَتَّبِعَ آيَاتِكَ مِن قَبْلِ أَن نَّذِلَّ وَنَخْزَىٰ﴾ (طه: ١٣٤) واتە: خۆ ئەگەر ئێمە پێش هاتنی ئەم قورئانە و پەیامبەرەیە، ئەوانمان بەسزایەك لەناوبردبا لە دوارۆژدا بۆیان هەبوو بڵێن و دەشیان گوت: ئەی پەروەردگاری ئێمە! بۆچی لە دونیادا پەیامبەرێکت بۆنەناردین تا پەیڕەوی بەرنامەو ئایەتەکانی تۆبکەین پێش ئەوەی ئەمڕۆ ئاوا ریسواو سەرشۆڕببین.

دیسان "شێخوئیسلام ئیبنوتەیمییە" (رەحمەتی خوای لێ بێت) لێرەشەوە دەڵێت: ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە خوا ئەشکەنجەی بێباوەڕان نادات تاکوو پێغەمبەرانیان بۆ نەنێرێ و حوججەیان لەسەر نەکات. هەروەها ئەوە ئاشکرا ئەبێت کە پێش هاتنی پێغەمبەران رەنگە کاری وایان کردبێت کە خوایان لە خۆ رەنجاندبێت، وەلێ مەرجی ئەشکەنجەدانیان حوججەت کردنە لەسەریان بەهۆی ئەو پەیامەی کە پێغەمبەران بۆی هاتوون.[(٣)]

پوختەی قسان سەبارەت بە کافری ئەسڵی، ئەوەیە کە جەهل و بێئاگایی یەکێکە لەبەربەستەکانی ئەشکەنجەدانیان، بەڵام نابێتە بەربەست لە کافربوونیان.

٢. بەڵام ئەو کەسەی کە موسڵمانە:

ئەگەر ئەو کەسە کارێك بکات کە پێی کافر ئەبێت، بەڵام ئەو کارەی بەجەهل و نەزانیەوە کردبێت، ئەوە جەهل و نەدانییەکەی دەبێتە بەربەست لەبەردەم تەکفیرکردنی و ئەشکەنجەدانیشی! ئەو کەسەش تەکفیر ناکرێت تاکوو ئیقامەی حوججەی لەسەر نەکرێت، بە خیلاف کافری ئەسڵی کە هەر بەکافری ئەمێنێتەوە لە پێش ئیقامە حوججەکەشەوە.

بەڵگەش لەسەر ئەو قسانە:

(أ) فەرموودەی (ذات أنواط)ە: وەك لە "سەحیحی بوخاری" دا هاتووە کە لە "ئەبی واقدی لەیسی" دەگێڕنەوە دەڵێت: لە پێش شەڕی حونەین دەگەڵ پێغەمبەر "صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَ على آلِهِ وسَلَّم" دەرچووین، ئەو کاتەی کە هێشتا بێباوەڕ بووین موشریکەکان بنەدارێکیان بەهەند وەرگرتبوو ناویان نابوو (ذات أنواط)، هەمووجار دەچوون چەکەکانی خۆیان پێی هەڵدەواسی و لە بن پاڵیدا ئیعتیکافیان دەکرد، ئێمەش کە تازە هاتبووینە نێو ئیسلام، لەگەڵ پێغەمبەر "صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَ على آلِهِ وسَلَّم" کاتێ گەیشتین بەو دارە بە پێغەمبەرمان گوت: ئەی پێغەمبەری خوا تۆش دارێکی لەو چەشنەمان بۆ بڕیار بدە تاکوو چەکەکانی خۆمانیان پێ هەڵبواسین و ئیعتیکافی لە تەکا بکێشین، هەروەك چۆن کاتی خۆی بێباوەڕان دەیانکرد، پێغەمبەریش "صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَ على آلِهِ وسَلَّم" فەرمووی: «اللّٰهُ أَكْبَرُ، هذَا كما قَالَتْ بَنُو إِسْرَائِيلَ: "اجْعَل لَنَا إِلَهاً كَمَا لَهُمْ آلِهَةٌ قَالَ

---

(١) پێشتر راڤەکراوە

(٢) الجواب الصحيح لمن بدّل دين المسيح لابن تيمية، ١/ ٣١٤

(٣) هەمان سەرچاوە

إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ" -الأعراف: ١٣٨- لَتَرْكَبُنَّ سُنَنَ مَن كان قَبْلَكُمْ» واتە: "الله اكبر" ئەمە هەر ئەو قسەیە بوو کە کاتی خۆی بەنوئیسرائیلییەکان بە (موسا)یان گوت: (ئەی موسا) خوایەکمان بۆ بڕیار بدە، بەو چەشنەی ئەوان کە خوایەکیان هەیە، (موسا)ش فەرمووی: بەڕاستی ئێوە گەلێکی نەفامن.. بزانن ئێوەش (خەریکە) هەمان سوننەتی گەلانی پێش خۆتان بژێننەوە ! ! ئەمەش بە جەهل بۆیان لێك ئەدرێتەوە و پێی کافر نەکران، چون وایان نەئەزانی کە ئەم کارە کوفرە.

(ب) بەڵگەیەکی تر وەك "شێخولئیسلام ئیبنوتەیمییە" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) باسی دەکات: ( فەرزەکانی نوێژ ئەوانەی کە چوار ڕکاتن، ئەگەر کەسێك نکوڵی یەکێك لەو ڕکاتانە بکات، دوای ئیقامە حوجەکردن لەسەریان ئەوە کافر دەبێت، یاخو نکوڵی لەیەکێك لە حەرامکراوەکان بکات، وەك پێی وا نەبێت کە زوڵم یان دزی یان زینا یان درۆکردن یان ئارەقخواردنەوە حەرامە، ئەگەر دوای ئیقامە حوجەە ئەم بیربۆچوونەی هەبێت ئەوە پێی کافر دەبێت، ئەمەش حاڵی زۆرێك لەوانەیە کە تازە هاتوونەتە نێو ئیسلامەوە، یان لە دەشتێکدا یان لە شوێنێکی نا ئاوەدانیان خوا هیدایەتی کەسێکی دابێت و کەسیش دینی لێ حاڵی نەکردبێت ئەوە ئەم هەڵوێستانەی هەبێت ئەوە تەکفیر ناکرێت! هەروەك یارانی پێغەمبەر "صَلّى اللّٰہ عَلَيْهِ وَ علَى آلِہِ وسَلَّم" "قودامەی کوڕی مەزعوون"یان تەکفیر نەکرد لەسەر ئەوە کە ئارەقی حەڵاڵ کردبوو، چونکە حوکمەکەی بە نەزانی تەئویل کردبوو.[(١)]

زانایانی نەجد لەبارەی ئەو مەسەلەیە کە ئایا جەهل دەبێتە بەرەبەست لە بەردەم تەکفیرکردنی یان بەربەستە لە ئەشکەنجەدانی.

"شێخ عەبدوڵڵا بنوو شێخولئیسلام موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب" (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) پێیان وایە کەوا جەهل و نەزانی ڕێگرە لەبەردەم حوکمدان لەسەری. ئەمەش ڕاجیحە وەك لە بەڵگەکانی پێشەوە ڕوونمانکردەوە، هەروەك دەڵێت: ئەگەر کەسێ کە باوەڕی بەخوا و بە پێغەمبەر هەبێت و کردەوەیەکی کوفریی بکات، یان بیرباوەڕێکی کوفریی هەبێت بەڵام جەهلی بەو پەیامە هەبێت کە خوا بۆ پێغەمبەرەکەی ناردووە، ئەوە لە لای ئێمە ئەو کەسە کافر نییە، وە حوکمی کوفریشی بەسەردا ناسەپێنین تاکوو ئیقامە حوجەی لەسەر نەکەین. ئەگەریش حوجەی لەسەر کراو پەیامەکەی کە پێغەمبەری بۆ هاتووە بۆی ڕوونکرایەوە، پاشان ئەو کارە کوفریانەی لێدەرکەوت ئەودەم پێی کافر بووە.[(٢)]

وە هێندێکیش پێیان وایە کەوا جەهل تەنها بەربەستە لەبەردەم سزاو ئەشکەنجەکەی، بەڵام نابێتە بەربەست لەبەردەم تەکفیرکردنی. هەروەك لە فتوای (لیژنەی هەمیشەیی بۆ فتوا لە سوعوودیە) هاتووە لە وەڵامی پرسیاری دووەم لە فتوای ژمارە (٤٤٠٠) دەڵێن: هەموو ئەوانەی باوەڕیان بە پەیامی پێغەمبەرمان "صَلّى اللّٰہ عَلَيْهِ وَ علَى آلِہِ وسَلَّم" هێناوە بەڵام لە دوای ئەوە بە جەهل سوژدە بۆ غەیری خوا بەرن یان بۆ خاوەن گۆڕێك یان شێخێکی تەریقەت بەرن ئەوە هەرچەندە پێی کافرو مورتەد دەبنەوە، بەڵام عوزر بۆ جەهلەکەی دەهێنرێتەوە، بەس ئەبێ سێ ڕۆژ لە ژوورێك دابنرێ و ئیقامە حوجەی لەسەر بکرێت، ئەگەر تۆبەی کرد باشە دەنا لەسەری ئەدرێت، ئەویش لەبەر ئەو فەرموودەی پێغەمبەر "صَلّى اللّٰہ عَلَيْهِ وَ علَى آلِہِ وسَلَّم" کە فەرموویەتی: «مَنْ بَدَّلَ دِينَهُ فَاقْتُلُوهُ»[(٣)]. واتە: ئەوەی ئایینی خۆی گۆڕی بیکوژن.[(٤)] کەوابوو ئیقامە حوجەکردن پێش سزاکە هاتووە، پێی ناگوترێت تۆ کافر بوویت، تا ئیقامە حوجەی لەسەر نەکرێت (ئەمەش فتوای شێخ عەبدوڵڵا بنووقعوود و عەبدولڕزاق عەفیفی و عەبدولعەزیز بنباز)ە.

بەڵام لێرەوە "شێخ عەبدولقادر عەبدولعەزیز" دەڵێت: ئەم فتوایە هەڵەیە، چون ئەگەر بڕیار بێت کە جەهل ئیعتیباری بۆ بکرێت ئەوە بە تەئکید ڕێگر دەبێت لەبەردەم حوکمدانیشیەوە، هەروەك لە چیرۆکی (ذات أنواط ) و یەکدەنگی یارانی پێغەمبەر لەسەر "قودامەی کوڕی مەزعوون" دەرکەوت وەك لە پێشەوە باسمان کرد، وە لەبارەی چیرۆکی (ذات أنواط)یش گوتوویانە کە ئەوان داوای ئەم کارەیان کردبوو، نەك کارەکەیان کردبێت، بۆیە ئەوان (بە تەنها داواکردنیان) نەخستوتە بازنەی شیرکەوە، چون بە کردەوە کارەکەیان نەکردووە! ئەوەش هەر هەڵەیە، چون زانایان خیلافیان لەسەر ئەوە نییە کە

(١) مجموع الفتاوى ٧/ ٦٠٩ - ٦١٠

(٢) الدرر السنية في الأجوبة النجدية - ج ٨ - كتاب المرتد - ص ١٥٨ - ١٥٩

(٣) أخرجه الإمام البخاري في صحيحه عن ابن عباس رضي الله عنهما

(٤) مەبەستی ئەوانەیە: کە دوای هەڵگەڕانەوەیان لە دین، دژایەتی دینەکەش دەکەن

ئەوەی نیازی کوفری هەبێت هەر ئەوکاتە دەکەوێتە کوفرەوە! بۆیە داواکەیان هەر شیرك بووە، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەی کە دەفەرموێت: «قُلْتُمْ : وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، كَمَا قَالَ قَوْمُ مُوسَى :فاجْعَلْ لَنَا إِلَهًا كَمَا لَهُمْ آلِهَةٌ»[1] واتە: سوێند بەو خوایەی کە گیانی منی بەدەستە ئەوەتان گوت: کە گەلی موسا بە موسایان گوت: خوایەکمان بۆ بڕیار بدە وەك چۆن ئەوان خوایەکیان هەیە.

ئەمەش شیرکە، بەڵام نەیاندەزانی کە شیرکە چونکە تازە هاتبوونە ناو ئیسلامەوە، چونکە وان هەرکەس دوای فەتحی مەککە بوونە مسوڵمان یەکسەر لەگەڵ پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَ علَى آلِهِ وسَلَّم" چوونە دەرەوە، بۆ غەزای حونەین، ئەمەش هێشتا مانگێك بەسەر فەتحی مەککەدا ڕەت نەبوو، کاتێکی وایان لەدەست نەبوو تا لە مانای شیرك و هەقیقەتی ئیسلام بگەن! بۆیە لێرەوە ئامۆژاکەی "شێخ سولەیمانی کوڕی عەبدوڵڵا ئال شێخ" لە سوودەکانی ئەم فەرموودەدا دەفەرموێت: (کەسێك نیازی کردەوەیەکی شیرکی هەبێت بە جەهل و نەدانی، ئەوە نەهی لێ ئەکرێت و کۆتایی دێت و چیتر کوفر ناکات)[2]

لێرەوە دەڵێین: کەسێك کە لە ئەسڵدا مسوڵمان بێت، ئەگەر بە جەهل و نەزانینەوە بکەوێتە کوفرەوە، ئەوە عوزری بۆ دەهێنرێتەوە، جەهلەکەش ئەبێتە مانعێك لەبەردەم کافر کردنیەوە، وە پێی ناگوترێت کافر بووە پێش ئەوە عیلمی پێ بدرێت و ئیقامە حوججەی لەسەر بکرێت.

### بیروڕای عوزر بە جەهل

ئەگەر سەرنج لە کتێب و سوننەت و ڕاوبۆچوونی زانایان بدەین، ئەوە بەڵگەلێکی زۆرمان دەست دەکەوێت لەمەڕ جەهل و بێئاگاییەکانەوە، کە هێندێکیان ئەشێن ببن بە عوزر بۆ خاوەنەکانیان هەیشە نابێت بە عوزر بۆیان! لەوانە خوای گەورە دەفەرموێت:

(١) خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾ (البقرة: ٢٨٦). واتە: خوا بەدەر لەتوانا – تەکلیف و ئەرکێ ناخاتە سەرشانی هیچ کەسێك. هەروەها دەفەرموێت: ﴿فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ﴾ (التغابن: ١٦) واتە: چەندێکتان توانی تەقوای خوا بکەن.

"ئیبنوکەسیر" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە تەفسیری ئایەتی یەکەمدا دەڵێت: یانی هیچ کەس لەسەرووی توانای خۆیەوە تەکلیفی لێ ناکرێت. ئەمەش ئەوپەڕی ڕەحمەت و بەزەیی خوا نیشان ئەدات لەگەڵ بەندەکانی.

هەروەها لە فەموودەی سەحیحدا هاتووە کە پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەفەرموێت: «فَإِذَا أَمَرْتُكُمْ بِشَيْءٍ فَأْتُوا مِنْهُ مَا اسْتَطَعْتُمْ»[3] واتە: ئەگەر فەرمانی شتێکم پێکردن ئەوەندەی توانیتان جێبەجێی بکەن.

"ئیمام شافعی" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: خوای گەورە دەزانێت کە ئەو کەسە توانای هەڵگرتنی ئەو تەکلیفەی هەیە، کە تەکلیفەکەشی ڕاپەڕاند، ئەوە خوای گەورە پاداشتی دەداتەوە. وە ئەمەشیان توانای هەیە وەلێ جێبەجێی ناکات، خوای گەورە سزاو ئەشکەنجەی دەدات، کەسێکیش نەتوانێ کە ئەو تەکلیفە هەڵبگرێت ئەوە خوا سزای نادات لەسەر شتێك کە نەتوانێ ڕاپەڕێنێت.[4] بۆیە لێرەوە بنەمایەکی فیقهی سەرهەڵئەدات: ئەویش بریتییە لە (کاری ئاسان بەهۆی قورسییەوە ناکەوێت).

بۆیە "عززی کوڕی عەبدولسەلام" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: ئەگەر کەسێك تەکلیفی تاعەتێکی لێکرا، توانی کە هەندێکی لێ ڕاپەڕێنێ و نەیتوانێ هێدێکش ڕاپەڕێنێت، ئەوا ئەوەی کە ڕاپەڕاندووە پاداشتی لەسەر وەر ئەگرێت، ئەوەی کە ڕایشی نەپەڕاندووە چاوپۆشی لێ دەکرێت.[5]

---

(١) مسند أحمد عَنْ أَبِي وَاقِدٍ اللَّيْثِيِّ "رَضِيَ اللهُ عَنْهُ"

(٢) تيسير العزيز الحميد

(٣) رواه مسلم هن ابي هريرة "رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ"

(٤) شرح العقيدة الطحاوية، ط المكتب الإسلامي، ص ٢٧١

(٥) قواعد الأحكام: ٢/٥

بۆیە لێرەوە دەڵێین: هەرکەس توانای فێربوون و وەرگرتنی زانستی ببێت و جەهل و نەزانی لەخۆی داماڵێت: ئەوە عوزر بەجەهل چیتر نایگرێتەوە، ئەگەریش نەتوانێ کە ئەو زانستە وەدەستبێنێت کە دەبێتە هۆی ڕەواندنەوەی جەهلەکەی، ئەوە جەهلەکەی بۆی ئەبێت بە عوزر.

هەروەک "شێخولئیسلام ئیبنوتەیمییە" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: عوزر نابێت بە عوزر مەگەر دەستەوسان بێت لە لابردنی عوزرەکەی، بۆیە هەرکات کە ئینسان توانی دەستی لەهەق گیر ببێت بەڵام کەمتەرخەم بێت لە وەدەستخستنی ئەوە عوزری نامێنێت.[1] هەر ئەو بنەمایەشە کە مەبدەئی عوزر بەجەهلی لەسەر بونیات دەنرێت، کە پەیوەستەییەکی پتەوی بە بەربەستەکانی تەکفیرەوە هەیە.

(٢) لە حیکمەت و گەورەیی خوا ئەوەیە کە هیچ کەس سزا نادات دوای ئەوە نەبێت کە ئاگادارکردنەوەکانی پێغەمبەرانی بەدەست گەیشتبێ، ئەگەر کەسێك هەڵەیەك بکات لە دەرەنجامی دەستگیرنەبوون بە عیلمێك، کە نە زانستەکەی پێ گەیشتبێت، نە خۆشی بتوانێ بەدەستی بگات، وەك ئەوانەی کە تازە دەبنە مسوڵمان لە شوێنێك کە کەس نییە شارازای ئیسلامیان بکات و خۆشیان نەتوانن دەستیان لێ گیر ببێت، ئەوە ئەگەر هەر هەڵەیەکیان کرد لێیان ناگیرێ و لای خوا عوزریان بۆ دەهێنرێتەوە. چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رَسُولاً﴾ (الإسراء: ١٥)[2] هەروەها دەفەرموێت: ﴿رُسُلاً مُبَشِّرِينَ وَمُنْذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللَّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزاً حَكِيماً﴾ (النساء: ١٦٥)[3]

هەروەها دەفەرموێت: ﴿تَكَادُ تَمَيَّزُ مِنَ الْغَيْظِ كُلَّمَا أُلْقِيَ فِيهَا فَوْجٌ سَأَلَهُمْ خَزَنَتُهَا أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَذِيرٌ . قَالُوا بَلَى قَدْ جَاءَنَا نَذِيرٌ فَكَذَّبْنَا وَقُلْنَا مَا نَزَّلَ اللَّهُ مِنْ شَيْءٍ إِنْ أَنْتُمْ إِلَّا فِي ضَلَالٍ كَبِيرٍ﴾ (الملك:٨-٩). واتە: لەداخی کافراندا (دۆزەخ) خەریکە لەت لەت ببێ و، لەیەك بێتەوە ، هەردەستە و تاقمێك لەبێ باوەڕان کە فڕێدەدرێنە نێویەوە، پاسەوانەکانی لێیان دەپرسن: ئایا هیچ کە سێکی ترسێنەرتان لەلایەن خواوە بۆ نەهات، تا لەم ڕۆژە هۆشیارتان بکاتەوە؟! بە دڵێکی زۆر تەنگەوە دەڵێن: بەڵێ بەڕاستی ترسێنەر (پێغەمبەر)مان بۆهات و ئامۆژگاری کردین، بەڵام ئێمە بڕوامان پێینەکردو بەدرۆزنمان زانی و باوەڕمان پێنەکرد، گوتمان: خوا هیچ شتێکی بۆهیچ کەسێك دانەبەزاندووە لە وەحی، وەئێوە لەگومڕاییەکی گەورەدان!

یان دەفەرموێت: ﴿يَا مَعْشَرَ الْجِنِّ وَالْإِنْسِ أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِنْكُمْ يَقُصُّونَ عَلَيْكُمْ آيَاتِي وَيُنْذِرُونَكُمْ لِقَاءَ يَوْمِكُمْ هَذَا قَالُوا شَهِدْنَا عَلَى أَنْفُسِنَا وَغَرَّتْهُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا وَشَهِدُوا عَلَى أَنْفُسِهِمْ أَنَّهُمْ كَانُوا كَافِرِينَ﴾ (الأنعام: ١٣٠). واتە: ئەی کۆمەڵی جنیی و ئادەمیی! مەگەر هەر لە خۆتان (لەئادەمیی) چەند پەیامبەرێکتان بۆ نەهاتن ئایەت و نیشانەکانی منتان بۆ بخوێننەوە و لە گەیشتن و دیمانەی ئەم ڕۆژەتان بترسێنن، کاتێ هیچیان بۆ نامێنێتەوە ئەڵێن: بەڵێ ئەی پەروەردگار! شایەتی لەسەر خۆمان ئەدەین: بەڵێ پەیامبەرانی تۆ هاتن و، نامەکەشیان گەیاندپێمان! ئەوجا خوای گەورە فەرمووی: ئەم ژیانە زرق وبرقەی گێتیە فریویدان و شایەتیشیان لەسەر خۆیان دا کە ڕاستییەکەی ئەمەیە: کافرو خوانەناس بوون.

هەروەها پێغەمبەر "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەفەرموێت: « وَلَيْسَ أَحَدٌ أَحَبَّ إِلَيْهِ الْعُذْرُ مِنَ اللَّهِ –عزة و جل–، مِنْ أَجْلِ ذَلِكَ أَنْزَلَ الْكِتَابَ وَأَرْسَلَ الرُّسُلَ»[4] واتە: کەسیش نییە پۆزش بۆ هێنانەوەی لەلا خۆشەویستتر بێت لەخوای گەورە، لەبەر ئەوەیشە کتێبی دابەزاندووەو و پێغەمبەرانی ڕەوانەکردووە.

"ئیبنوکەسیر" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: لە هەواڵی دادگەری خوا ئەوەیە کە خوا کەس ئەزیەت نادات دوای ئەوە نەبێت کە لە لایەن پێغەمبەرانەوە ئیقامەی حوججەیان لەسەر کرابێت.[5] بۆیە تەواو ئەوانەی کە ئەهلی ئاگرن خوای

---

(١) رفع الملام: ص١١٤

(٢) پێشتر ڕاڤەمان کردووە

(٣) پێشتر ڕاڤەمان کردووە

(٤) وقد ثبت في الصحيحين عن ابن مسعود رضي الله عنه

(٥) تفسیر ابن کثیر: ٣١/٣

گەورە لە دونیا عوزری تەواویانی بڕیوە لە ڕێی ئاگادارکردنەوەکانی خوای پەروەردگاردا، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿كُلَّمَا أُلْقِيَ فِيهَا فَوْجٌ سَأَلَهُمْ خَزَنَتُهَا أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَذِيرٌ قَالُوا بَلَى قَدْ جَاءَنَا نَذِيرٌ فَكَذَّبْنَا وَقُلْنَا مَا نَزَّلَ اللَّهُ مِنْ شَيْءٍ﴾ (الملك: ٩)[1]

. "شەنقیتی" دەڵێت: ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە خوای گەورە ئەهلی دۆزەخ سزا نادات دوای ئەوە نەبێت کە لە دونیا ئاگادار کراونەتەوە. "ئەبووحەییان" لە (البحر المحيط)دا لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت: وشەی (كُلَّمَا) دەلالەت لەسەر گشت بێباوەڕان دەکات.

شێخ "ئەبووبەسیر" دەڵێت: مەبەست لە گشت لێرە مەبەستی تەواوی ئەوانەی کە دەچنە دۆزەخ لە ئەهلی کوفر بە بێ ئیستیسنا دان بەوە دەنێن کە کەسێك هەبووە پێشتر ئیقامە حوججەیانی لەسەر کردبێت، دوای ئەم ئیقامە حوججەیەوەیە کە خوا دەیانخاتە دۆزەخەوە.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَسِيقَ الَّذِينَ كَفَرُوا إِلَى جَهَنَّمَ زُمَرًا حَتَّى إِذَا جَاءُوهَا فُتِحَتْ أَبْوَابُهَا وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَا أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِنْكُمْ يَتْلُونَ عَلَيْكُمْ آيَاتِ رَبِّكُمْ وَيُنْذِرُونَكُمْ لِقَاءَ يَوْمِكُمْ هَذَا قَالُوا بَلَى وَلَكِنْ حَقَّتْ كَلِمَةُ الْعَذَابِ عَلَى الْكَافِرِينَ﴾ (الزمر: ٧١). واتە: ئەوسا ئەوانەی بێ باوەڕ بوون ڕاپێچ دەکرێن بۆ دۆزەخ کۆمەڵ کۆمەڵ تا کاتێ دێنە (نزیکی) دۆزەخ دەرگاکانی دەکرێنەوە، وە دەرگاوانەکانی دۆزەخ بەوان دەڵێن ئایا پێغەمبەرانتان لە خۆتان بۆ نەهات کە ئایەتەکانی پەروەردگارتان بەسەردا بخوێننەوە وە بتانترسێنن لە گەشتنتان بەم ڕۆژە؟ دەڵێن: بەڵێ (هاتن ئاگاداریان کردین) بەڵام بڕیاری سزا دراوە بەسەر (ئێمەی) بێباوەڕاندا.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿قَالَ قَرِينُهُ رَبَّنَا مَا أَطْغَيْتُهُ وَلَكِنْ كَانَ فِي ضَلَالٍ بَعِيدٍ * قَالَ لَا تَخْتَصِمُوا لَدَيَّ وَقَدْ قَدَّمْتُ إِلَيْكُمْ بِالْوَعِيدِ﴾ (ق: ٢٧- ٢٨). واتە: ئەو (شەیتانەی لە دونیادا) لە گەڵیدا بوو دەڵێ ئەی پەروەردگارم من ئەوم سەرکەش نەکرد، بەڵکو خۆی لە گومڕاییەکی دوور لە ڕاستیدا بوو. خوا دەفەرموێ لەلای مندا دەمەقاڵێ و مشتومڕ مەکەن چونکە بێگومان پێشتر هەڕەشەم (لەم بارەیەوە) ناردووە بۆتان.

هەر لەو بەڵگانەدا دەفەرموێت: ﴿وَقَالَ الَّذِينَ فِي النَّارِ لِخَزَنَةِ جَهَنَّمَ ادْعُوا رَبَّكُمْ يُخَفِّفْ عَنَّا يَوْمًا مِنَ الْعَذَابِ * قَالُوا أَوَلَمْ تَكُ تَأْتِيكُمْ رُسُلُكُمْ بِالْبَيِّنَاتِ قَالُوا بَلَى قَالُوا فَادْعُوا وَمَا دُعَاءُ الْكَافِرِينَ إِلَّا فِي ضَلَالٍ﴾ (غافر: ٤٩-٥٠). واتە: وە ئەوانەی کە لە ئاگری دۆزەخ دان بە دەرگاوانەکانی دۆزەخ دەڵێن: داوا لە پەروەردگارتان بکەن تەنها یەك ڕۆژ سزامان لەسەر سووك بکات!! دەڵێن: ئایا پێغەمبەرانتان بۆیان نەهێنابوون بەڵگەڕوونەکان دەڵێ: بەڵێ (هێنابوویان) پێیان دەڵێن دەی خۆتان بپاڕێنەوە، بێگومان پاڕانەوەی بێباوەڕان ون دەبێ و بێ سوودە.

٣. بەڵگەی تر لە بەڵگەکانی عوزر بەجەهل، نەزانی و بێئاگایی حەوارییەکانی (عیسا)بوو کە بێئاگابوون لە سیفەتی پەروەردگاریان، هەروەك گومانیان لە پێغەمبەرایەتی (عیسا)ش هەبوو، هەروەك خوای گەورە بۆمان باس دەکات دەفەرموێت: ﴿إِذْ قَالَ الْحَوَارِيُّونَ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ هَلْ يَسْتَطِيعُ رَبُّكَ أَنْ يُنَزِّلَ عَلَيْنَا مَائِدَةً مِنَ السَّمَاءِ قَالَ اتَّقُوا اللَّهَ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ * قَالُوا نُرِيدُ أَنْ نَأْكُلَ مِنْهَا وَتَطْمَئِنَّ قُلُوبُنَا وَنَعْلَمَ أَنْ قَدْ صَدَقْتَنَا وَنَكُونَ عَلَيْهَا مِنَ الشَّاهِدِينَ﴾ (المائدة: ١١٢- ١١٣). واتە: کاتێ حەوارییەکان گوتیان : ئەی "عیسای کوڕی مەریەم" ئایا پەروەردگاری تۆ دەتوانێ لە ئاسمانەوە خوانێکمان بۆ بنێرێتە خوارەوە؟!! (عیسا) گوتی لە خوا بترسن ئەگەر ئێوە باوەڕدارن. حەوارییەکان گوتیان: دەمانەوێ لێی بخۆین و دڵمان ئارام ببێ و دڵنیا بین (کە پێغەمبەریت)، وە بزانین کە بێگومان ڕاستت لەگەڵ کردووین (لەوەی کە پێت ڕاگەیاندین)، ئێمەش ببین بە شایەت لەسەری بۆ ئەوانەی ئامادە نین.

"ئیبنوحەزم" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: ئەو حەوارییانە ئەوانەن کە خوا مەدحیان دەکات، کەچی بە نەزانی بە عیسایان دەگوت کە ئایا پەروەردگارت دەتوانێ کە لە ئاسمان خوانێکمان بۆ دابەزێنێت!!! کەچی لەگەڵ ئەوە خوا ئیمانی لێ دانەڕیون!!![2] لەگەڵ ئەوە شەك و گومان بردن بە پێغەمبەر کوفرە، بەڵام حەوارییەکان تەکفیر نەکران، بەڵکو بە جەهلییان بۆ بوو بە عوزر چونکە تازە هاتبوونە ناو دینەکەوە هێشتا تەواو شارەزای عیسا و ئایینەکەی نەبوون.

---

(١) پێشتر ڕاڤەکراوە

(٢) الفصل في الملل والهواء والنحل:٣/٢٥٣

٤. هەروەها ئەوانەی کە بە "موسا"یان گوت: ﴿اجْعَل لَّنَا إِلَٰهًا كَمَا لَهُمْ آلِهَةٌ﴾ ئەوان بەئاشکرا داوای خوایەکی تریان کرد بەڵام مووسا تەکفیری نەکردن، بەڵکوو فەرمووی:﴿قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ﴾ (الأعراف: ١٣٨) واتە: بەڕاستی ئێوە گەلێکی نەفامن، عوزری بەجەهلی بۆ هێنانەوە، لەگەڵ ئەوە کوفرەکەشیان کوفری ئاشکرا بوو! یارانی پێغەمبەریش هەمان عوزری بەجەهلیان هەبوو کاتێ داوایان لێی کرد «اجْعَلْ لَنَا ذَاتَ أَنْوَاطٍ كَمَا لَهُمْ ذَاتُ أَنْوَاطٍ» (وەك لە پێشدا باسمان کرد) کەواتە ئەوەی لێرە وەردەگیرێت ئەوەیە کە ئەگەر کەسێك نیازی شەریك بڕیاری دانی هەبوو ئەوە نەهی لێ ئەکرێت و بۆی ڕوون دەکرێتەوە، ئەگەر بەردەوام بوو لەسەر ئەوە ئەودەم تەکفیر دەکرێت!

٥. هەروەك چیرۆکی ئەو پیاوەی کە وەسێتی بە منداڵەکانی کرد کە ئەگەر مرد بیسووتێنن و خۆڵەمێشەکەی پەرت بکەن دەریاو وشاکانییەوە.. کەچی خوا لەبەر جەهلەکەی ئەو کەسە لێی خۆش بوو (وەك لە پێشەوە باسمان کرد).

٦. بەڵگەیەکی تر لەبارەی عوزر بەجەهلەوە: چیرۆکەکەی "عەدەی کوڕی حاتەم" بوو (خوا لێی ڕازی بێت) کەوا لە (سنن الكبرى)ی "بەیهەقی"دا هاتووە  کە تازە ببووە مسوڵمان و هێشتا ملوانکە خاچەکەی لەملدابوو، هاتە لای پێغەمبەری خوا "صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم". پێغەمبەریش کە خاچەکەی لەملدا بینی پێی فەرموو: « اطْرَحْ هَذَا الْوَثَنَ مِنْ عُنُقِكَ "، فَطَرَحْتُهُ» ئەی عەدەی ئەو بتە لەملتدا بکەوە، دەڵێ ئەویش لەملی خۆی کردەوە، ئینجا پێغەمبەر "صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" کە ئایەتەی خوێندەوە کە دەفەرموێت: ﴿اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللَّهِ﴾ "عەدەی" گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا "صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" خۆ ئێمە ئەوانمان نەدەپەرست! پێغەمبەریش "صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمووی: ئەی ئەوان حەڵاڵیان حەرام و حەرامیان حەڵاڵ نەدەکرد ئێوەش شوێنیان دەکەوتن و گوێڕایەڵیتان دەکردن؟ ئەویش گوتی: بەڵێ وابوو! پێغەمبەریش "صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمووی «فَتِلْكَ عِبَادَتُهُمْ لَهُمْ» واتە: دەی هەر ئەوەیە پەرستنتان بۆ ئەوان!!

ئەوەی کە لەم فەرموودەدا وەردەگیرێت ئەمانەی خوارەوەیە:

(١) "عەدەی کوڕی حاتەم" (خوا لێی ڕازی بێت) بە مسوڵمانی هاتە خزمەت پێغەمبەر "صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" و شایەتمانی هێنا، چونکە لە پێشدا خوێنی حەڵاڵ کرابوو، بەڵام ئەوەی کە خوێنی پاراست مسوڵمانبوونەکەی بوو.

(٢) بە هۆکار ئەوەی کە لەسەری بوو، کەوتبووە نێو دوو جۆر شیرکی گەورەوە، هەریەك لەم شیرکە گەورانە ئەگەر جەهلی نەبوایە ئەوە نەدەکەتە بازنەی ئیسلامەوە. ئەویش یەکەم. لەملکردنی خاچبوو، کە ئەمەیان شیرکی گەورەیە، بۆیە پێغەمبەری خوا ناوی لە خاچەکە نا بە (بت)، بۆیە پێی فەرموو: فڕێی بدە. دووەم. عەدەی نەیدەزانی کەوا گوێڕایەڵی کردنی ڕاهیب و ئەحبارەکانیان بریتییە لە پەرستنیان، ئەمەش هەر شیرکی گەورەبوو، بەڵام لە دواییا پێغەمبەری خوا "صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بۆی ڕوون کردەوە کە ئەمە درووست نییە. پێغەمبەریش بەم حاڵی جەهلی عەدەی هیچ حوکمی تەکفیری بۆ دەرنەکرد.

هەروەها ئەم پیاوەی کە هات سوژدەی بۆ پێغەمبەر "صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" برد، چونکە وایدەزانی کە ئەم کارە درووستە، بەڵام پێغەمبەری خوا بە بێ ئەوە تکفیری بکات پێی فەرموو: کە ئەمە درووست نییە، ئاشکرایە کە سوژدە بردن بە غەیری خواش پێی مورتەد ئەبنەوەو  پیاو لە ئیسلام ئەباتە دەرەوە.

یاخود ئەو کاتەی کە "عومەر" سوێنی بەسەری باوکی خوارد، پێغەمبەری خوا "صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" تەنها بەرهەڵستی کردو بۆی ڕوون کردەوە کە ئەمە کوفرە، بۆیە فەرمووی: ئەگەر هەر سوێنتان خوارد ئەوە سوێند بەخوا بخۆن، بەڵام عومەر نەیدەزانی کە ئەمە کوفرە.

٦. هەروەها فەرموودەی "حوزەیفە" (خوا لێی ڕازی بێت) کە هاتووە دەفەرموێت: «يَدْرُسُ الْإِسْلَامُ كَمَا يَدْرُسُ وَشْيُ الثَّوْبِ، حَتَّى لَا يُدْرَى مَا صِيَامٌ، وَلَا صَلَاةٌ، وَلَا نُسُكٌ، وَلَا صَدَقَةٌ، وَلَيُسْرَى عَلَى كِتَابِ اللَّهِ –عَزَّ وَجَلَّ– فِي لَيْلَةٍ، فَلَا يَبْقَى فِي الْأَرْضِ مِنْهُ آيَةٌ، وَتَبْقَى طَوَائِفُ مِنَ النَّاسِ، الشَّيْخُ الْكَبِيرُ وَالْعَجُوزُ، يَقُولُونَ : أَدْرَكْنَا آبَاءَنَا عَلَى هَذِهِ الْكَلِمَةِ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، فَنَحْنُ نَقُولُهَا فَقَالَ لَهُ

صِلَةُ: مَا تُغْنِي عَنْهُمْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَهُمْ لَا يَدْرُونَ مَا صَلَاةٌ، وَلَا صِيَامٌ، وَلَا نُسُكٌ، وَلَا صَدَقَةٌ؟ فَأَعْرَضَ عَنْهُ حُذَيْفَةُ، ثُمَّ رَدَّهَا عَلَيْهِ ثَلَاثًا، كُلَّ ذَلِكَ يُعْرِضُ عَنْهُ حُذَيْفَةُ، ثُمَّ أَقْبَلَ عَلَيْهِ فِي الثَّالِثَةِ، فَقَالَ : يَا صِلَةُ تُنْجِيهِمْ مِنَ النَّارِ، ثَلَاثًا»[1] واته: ئیسلام له بیرو زەینی خەڵك دەسڕێتەوە یان لە بیر دەچێتەوە، وەك چۆن نەخشێك کە لەسەر پۆشاکێکدا کێشراوەو کاڵ ئەبێتەوە تا شێوەی ڕاستەقینەی خۆی ون دەکات! تا وای لێدێت کە نە ڕۆژو، نە نوێژ، نە حەج، نە خێر و سەدەقە نازانرێ کە چییە، تا لە شەوێکدا هیچ شتێ لە کتێبی خوا نامێنێت، هەتا یەك ئایەتیش لەسەر ڕووی زەمین نامێنێت، چەند کۆمەڵێك لە خەڵك (لەو ڕۆژەدا) دەمێنن لە پیاوی بەتەمەن و پیرو بەساڵاچوان، ئەڵێن: لە لایەن باووباپیرانمانەوە ئەم وشەی (لا اله الا الله)یەمان پێگەیشتووە، ئێمەش هەر وەك ئەوان دەیڵێینەوە، (لەو کاتەدا پیاوێك لە تابعین بە ناوی "سیلە" بە "حوزەیفە") دەڵێت: ئایا گوتنی (لا اله الا الله) سوودیان پێ دەگەیەنێت؟ لە کاتێکدا کە ئەوان نازانن کە نوێژ و ڕۆژوو و حەج و سەدەقە وخێرات چییە؟ "حوزەیفە"ش ڕووی وەرئەگێڕاو وەڵامی نەئەدایەوە، تا سێجاران ئەو پرسیارەی لێ دووبارە کردەوە، لە هەموو کات "حوزەفە" ڕووی لێ وەردەگێڕا، تا لە سێیەمیندا فەرمووی: ئەی "سیلە" گوتنی (لا اله الا الله) لە ئاگرییان ڕزگار دەکات، سێجاران ئەمەی دووپاتکردەوە.

لە فیهی ئەم فەرموودەدا: نیشاندانی عوزرە بە جەهل، وەك دەبینین کە وشەی (لا اله الا الله) لە فریایان دێت، هەرچەند نازانن کە نوێژ چییە و ڕۆژوو چییە و حەج چییە و خێرو خێرات چییە، تەنها دەزانن بڵێن (لا اله الا الله) ئەویش وەك چاولێکەری لە باوو باپیرانیانەوە وەریان گرتووە! چونکە ئەوان لە زەمەنێکدا ژیاون کە شەریعەتی خوای تیا ونبوو، ئەم پێیە تەواوی ڕێنماییە ئیسلامییەکانی تیا قاتی بوو، هەتا شایەتمانی (محمد رسول الله)شی تیا غەریب و نامۆ بووە. ئاشکرایە ئەوەیش کە حاڵی وابێت، ئەگەر لەکۆمەڵگەی ئێستاشماندا بژیەت لەگەڵ بوونی ئەم هەموو زانستە شەرعییەشەوە کە زۆر ئاسانبووە بۆ وەدەست خستنیان، بەڵام هەر وا فێر ئەبوون کە لە زەمەنی نەبوونی زانستی شەرعیدا فێری ببوون، لەگەڵ هەموو ئەمانەیش کە هەیە هەر ناتوانێ شایتمانی بەچاکی بێنێت. تەنها ئەوە نەبێت کە وەك چاولێکەرییەك فێری بووە! بەبێ ئەوە کە بزانێ چۆن نوێژ بکات ئاوا دەیکات، ئەوەیش ئەمە حاڵی بێت بە تەئکید ئەوە وەك ئەمەی کۆن نییە، بەڵکوو (لا اله الا الله) هیچ سوودی پێنادات، ئەویش لەبەر نەبوونی عوزر، چونکە هەموو زانستێك ئێستا لەبەردەمایە، زۆریش ئاسانە کە ئینسان دەستی لێیان گیر ببێت! ! واتە عوزری بە جەهلییان بۆ حسێب ناکرێت، چونکە لانی کەم عوزری ئەوەی نییە کە نەتوانێ لەشتەکان بەهرەمەند ببێت! !

بۆیە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە کە خەڵکی ئێستامان پشت بەو ئەو فەرموودە ببەستن و بڵێن: گوتنی (لا اله الا الله) بەکەڵکی دێت با نوێژیش نەکات و ڕۆژووش نەگرێت، ئەمەش حاڵی جەهمییەکان و مورجیئەکان و ئەوانەیان کە بەوان کاریگەربوون! وەك دەڵێن: ئەوەی بڵێت (لا اله الا الله) هەرچەند وەك چاولێکەریش بێت ئەوە سوودی پێ ئەدات و لە ئاگر ڕزگاری دەکات! ! ئەگەریش هیچ پایەیەکی ئەم ئیسلامەش بەجێ نەگەیەنێت! ! یان پێویستییەکانی وشەی یەکتایی خوا لە ژیانیدا بەرجەستە نەکات!

هەر ئەمەش بوو کە "شێخ ناسرەدینی ئەڵبانی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) خستە هەڵەوە، دەبینین کە بۆ بەهێزکردنی مەزەبەکەی خۆی لە بواری ئیمانەوە! لە (السلسلة أحاديث الصحيحة)کەی خۆیدا لە جڵدی یەك، لاپەڕە (١٣٠)دا دەڵێت: سوودێکی فیقهی زۆر گرنگ لەم فەرموودەدا وەردەگیرێت، ئەویش ئەوەیە کە شایەتی (لا اله الا الله) خاوەنەکەی لە ئاگر دەردەهێنێ لە ڕۆژی دوایی، ئەگەریش هیچ شتێك لە پایەکانی ئیسلامیش بەجێ نەگەیەنێ، وەك نوێژ و باقی ڕوکنەکانی تر، ئەمەش دەقێکە لە فەرموودەکەی "حوزەیفە" دا هاتووە کە نوێژنەکەر و بەجێ نەگەیاندنی واجیباتەکان نابێتە هۆی کافربوونی ئەو کەسە! ! بەڵکوو هەر مسوڵمانە و بە نەمری لە دۆزەخدا نامێنێتەوە، کەوابوو ئەم قەسەیە لەبەر بکە، لە هیچ شوێنێتر ئەم قسەیەت بەرچاو ناکەوێت! !

---

(١) صحيح سنن ابن ماجة :٣٢٧٣ عَنْ حُذَيْفَةَ بْنِ الْيَمَانِ "رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ"

(**ئەبوویەسیر**) دەڵێت: بەڵکوو هەڵبەت لە هیچ شوێن و ساتێکدا ئەم هەڵەیەت بەرچاو ناکەوێت، چونکە هیچ کەس لە ئەهلی سەلەف شتی وای نەفەرمووە!! چوکە قسەیەکی نامۆیەو هیچ سەلەف و زانایەك لە هیچ سەردەم و زەمەنێکدا وای نەفەرمووە!!!

**سیفەتی ئەو کافرە نەزانەی کە لەبەر نەزانییەکەی عوزری بۆ دەهێنرێتەوە**

ئەو سیفەتانەی کە بابای کافری جاهیل عوزری بۆ دەهێنرێتەوە سێ سیفەتن، ئەگەر هەریەك لەو سیفەتانەی تیا جێگیر ببێت، ئەوە عوزری جەهلی بۆ دەهێنرێتەوە، کە بریتین لە:

**یەکەم**. ئەگەر جەهلەکەی لەبەر ئەوە بێت کە هیچ ئاگادارییەکی پێغەمبەرانی پێ نەگەیشتبێت، ئەوە بەهۆی ئەمەوە عوزری بەجەهلی بۆ دەهێنرێتەوە، تا ئەو کاتەی کە ئیقامە حوججەی لەسەر دەکرێت. چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رَسُولاً﴾ (الأسراء: ١٥)(١)

ئیمامی "شەوکانی" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە (فتح القدیر)دا دەڵێت: خوا بەندەی خۆی سزانادات دوای ئاگادارکردنەوەی نەبێت بە ناردنی پێغەمبەرانی، بۆیە خوای گەورە نە لە دونیا نە لە قیامەت سزای ئەو کەسە نادات دوای ئیقامە حوججە نەبێت.

هەروەها "ئیمامی شەنقیتی"ش دەڵێت: ڕواڵەتی ئەم ئایەتە ئەوە دەگەیێنێت کە خوای گەورە سزای هیچ کەس لە درووستکراوانی خۆی نادات نە لە دونیا نە لە ئاخیرەت، تا پێغەمبەریان بۆ نەنێرێت و ئاگاداریان نەکاتەوە، ئەگەرییش ئاگادار کرانەوەو بەردەوام بوون لەسەر تاوان و کوفر و سەرپێچ، ئەو کات عوزریان بۆ ناهێنرێتەوە..

**دووەم**. ئەگەر جەهلەکەی بە ئاگادارکارییەکانی پێغەمبەران هەبێت و نەتوانێ ئەم جەهلەی لەخۆیدا بکاتەوە، ئەویش لەبەر ئەوە کە نەتوانێ دەستی لەو ئاگادارییەی ئەوان گیر ببێت بە هەر هۆیەك لە هۆیەکانەوە بێت، ئەوە عوزر بۆ جەهەل و بێئاگاییەکەی دەهێنرێتەوە، وەلێ ئەگەر توانی هەوڵ بدات بۆ وەدەستخستنی بەڵام نەیکرد، ئەوە هیچ بیانووی لەدەست نامێنێت. بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْساً إِلَّا وُسْعَهَا لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا اكْتَسَبَتْ﴾ (البقرة: ٢٨٦). واتە: – بەدەر لەتوانا– تەکلیف و ئەرکێ ناخاتە سەرشانی هیچ کەسێك، هەر کەسێك کارێکی چاکی ئەنجام دا، پاداش و خێرەکەی بۆ خۆی دەبێت وە هەر خراپەیەکیشی کرد، بە زیانی خۆیەتیی و، یەخەی خۆی دەگرێ.

چونکە مەرجی تەکلیف ئەوەیە کە ئەو کەسە بتوانێت ئەم تەکلیفە هەڵبگرێت.

**سێیەم**. تەکلیفی لێناکرێت لەسەر شتێك کە زانیاری پێ نەبێت یان دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنی نەبێت، وەك کەسێك کە نکوڵی لە بوونی درووستکەری درووستکراوان بکات، لەم حانەدا جگە لە خوا کەسی تر بپەرستێت، یان بڵێت: فریشتەکان کچانی خوان!

لێرەدا دەڵێین: ئەگەر ئەو نەفامە لە شوێنێك بێت کە هیچ دینی نەگەیشتبێت، ئەوە لەسەریەتی کە هەوڵ بدات و بەدوای ڕاستییەکاندا بگەڕێت، هەروەك لە سیرەتی "زەیدی کوڕی عەمری کوڕی نوفەیل زەیدی کوڕی عەمری کوڕی نوفەیل" هاتووە کە خۆی لە دینی قەومەکەی خۆی دوورەپەرێز کرد، لەپەرستنی بتەکان و مردووەکان و ئەو سەربڕاوانەی کە لە پێناو بتەکان سەر ئەبڕدران، بەرهەڵستی لە زیندەبەچاڵکردنی کچان دەکرد، گەلەکەشی لەسەر ئەوە سەرکۆنەیان دەکرد، ئەویش دەیگوت: ئەی قورەیشییەکان سوێند بەو کەسەی کە گیانی "زەیدی کوڕی عەمری کوڕی نوفەیل"ی بەدەستە، کەس لەمن

(١) پێشتر ڕاڤەکراوە

زێتر له ئێوه نییه که لەسەر ئایینی ئیبراهیم بێت، خودایە ئەگەر من بمزانیایە کامە ڕوخسار لای تۆشیرینە بەهۆی ئەو ڕوخسارەوە پەرستنی تۆم دەکرد، ئینجا دەچووە سوژدەوە![1]

یاخود چیرۆکی "سەلمانی فارسی" (خوا لێی ڕازی بێت) که چیرۆکەکەی زۆر بەناوبانگە لەسەر گەڕان و عەودالبوونی بەگەیشتن بەهەق، ئەبینین هەموو ئایینێك ئەکات بەس بۆ ئەوە بگات بەهەق، ئەم هەموو شارو دێهاتەی کرد تا گەیشت بە چرای ڕاستەقینە که ئیسلامە.

ئەمەیە هەڵوێستی کەسێك که پەیوست بێت بە هەقەوە که هەتا که لەسەردەمی وەستانی وەحیشدا بێت، بۆیە یەکێکی وەك سەلمان هیچ پەرچێك لەبەردەمیدا نەبوو کە بە دوای هەقدا نەگەڕێت، بۆیە ئەگەر ئەمەی نەکردبایە ئەوە لەسەری تووشی سزای خوا ئەبوو. وەلێ ئەوانەی که ناتوانن دەستیان لەم هەقەدا گیر ببێت لەبەر هەر پەرچێکی شەرعی کە لە ئارادایە، دیارە ئەو کەسانە عوزری بەجەهلیان بۆ دەهێنرێتەوە.

هەر لەو فەرموودانەی که ئاماژە بە عوزرەکان ئەدات، ئەو فەرموودەیەکە کە دەفەرموێت: «أن رجلاً قال: والله لا يغفر الله لفلان، وإن الله قال: من ذا الذي يتألى علي أن لا أغفر لفلان فإني قد غفرت لفلان، وأحبطت عملك»[2] واتە: پیاوێك گوتی: سوێند بەخوا خوای گەورە له فلانەکەس خۆش نابێت، خوای گەورەش فەرمووی: (ئەوە کێیە بەناوی منەوە سوێند دەخوات کەلە فلانەکەس خۆش نابم، ئەوامن لەو فلانەکەسە خۆش بووم و، کردەوەکانی تۆیشم پوچەڵ کردەوە!!

سەیری ئەم پیاوە بکەن که چۆن تەکلیفی لەشتێك کرد که خۆی زانیاری لەبارەیدا نەبوو، وە قسەیەکی کرد که نەدەبوو بیکردبایە، گوتی: بەو خوایە خوا له فولان کەس خۆش نابێت، وەك بلێی ئەزانێ که خوا لەو کەسە خۆش نابێت! ئەوەی که لەناخیدابوو بە پێغەمبەری نیشاندا! خواش لەمسەرەوە بەهۆی ئەم کارەیەوە کارەکەی پووچەڵکردەوە! کەواببوو ڕەنگە ئەو کەسەی که ئەو پێی وابوو که خوا لێی خۆش نابێت هەڵەیەکی کردبێت بەڵام بەجەهل و نەزانییەوە بووبێت، یان ئیقامە حوججەی لەسەر نەکرابێت.

**باسێك لەبارەی ئەهلـــی فەترەوە**

**(أهل الفترة) کێن؟**

(أهل الفترة) دووجۆرن، جۆرێکیان ئەو ماوەیە که هاتنی پێغەمبەرانی تیا پچڕا بێت، هەروەها درێژی ماوەی پێغەمبەرێکە بۆ پێغەمبەرێکی تر، خەڵکی ئەم نێوەندەش پەیامی پێغەمبەرانیان بە هۆی پەیامی پێغەمبەرانی پێشینەوە پێگەیشتبێت، بەم پێیە ئەوان ئیقامە حوججەیان لەسەر کراوە.

بەشەکەی تر ئەو ماوەیە که قەت هیچ پەیام و ئاگاداری هیچ پێغەمبەرێکیان پێ نەگەیشتبێت، ئەوانەش ئەو کەسانەن کە عوزر بۆ جەهلەکانیان دەهێنرێتەوە.

نمونەیەك له ئەهلی فەترە ئەوکۆمەڵ و خەڵکەبوون که کەوتبوونە نێوان پێغەمبەران "عیسا" و "موحەممەد"وە (علیهما السلام). هەروەك "ئیبنوعەبباس" و "موقاتیل" وایان فەرمووە.[3] وە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَهْلَ الْكِتَابِ قَدْ جَاءَكُمْ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمْ عَلَى فَتْرَةٍ مِنَ الرُّسُلِ أَنْ تَقُولُوا مَا جَاءَنَا مِنْ بَشِيرٍ وَلا نَذِيرٍ فَقَدْ جَاءَكُمْ بَشِيرٌ وَنَذِيرٌ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ (المائدة: ١٩). ئەی خاوەننامەکان! ئەوا پەیامبەری ئێمە (موحەممەد "صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم") هاتە لاتان و، دەبێتە پێغەمبەری هەموان و، دەبێ گشت باوەڕی پێبێنن و، پەیڕەوی لێبکەن پاش ماوەیەك که زنجیرەی پەیامبەران بچراو نەهاتن، وائێستا ئەم پێغەمبەرە دێتە لاتان و، باسی ئەوماوەیەتان بۆ ڕوون دەکاتەوە، لەبەرئەوە که لەڕۆژی دواییدا نەڵێن: لەخواوە

---

(١) مختصر السيرة، للشيخ عبد الله بن عبد الوهاب، باب أهل الفترة

(٢) صحيح مسلم، عن جندب "رَضِيَ اللهُ عَنْهُ"

(٣) تفسير القرطبي: ٨٥/١٤

هیچ مژدەدەرو ترسێنەرێکمان بۆنەهات دەسا ئەوا مژدەدەرو ترسێنەرتان هاتەلا، ئیتر هیچ بیانوویەکتان نەما خوایش بەسەر هەمووشتێکدا دەسەلاتدارە.

"قورتوبی" (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: ﴿عَلَى فَتْرَةٍ مِنَ الرُّسُلِ﴾ دەڵێن: ئەو بۆشاییە زەمەنەیە کە کەوتۆتە نێوان دوو پێغەمبەرەوە.

قەولی ڕاجحیش ئەوەیە وەك لە قورئان و سوننەتدا هاتووە ئەو فەترەیەی کە تێیاندا هاتووە بریتییە لە پچرانی هاتنی پێغەمبەران نەك نەبوونی ئاگادارییەکانی پێغەمبەران.

هەروەها لە سەحیحدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرموویەتی: «فَضَّلَ اللَّهُ قُرَيْشًا بِسَبْعِ خِصَالٍ: فَضَّلَهُمْ بِأَنَّهُمْ عَبَدُوا اللَّهَ عَشْرَ سِنِينَ، لا يَعْبُدُهُ إلا قُرَشِيٌّ، وَفَضَّلَهُمْ بِأَنَّهُ نَصَرَهُمْ يَوْمَ الْفِيلِ وَهُمْ مُشْرِكُونَ، وَفَضَّلَهُمْ بِأَنَّهُ نَزَلَتْ فِيهِمْ سُورَةٌ مِنَ الْقُرْآنِ لَمْ يَدْخُلْ فِيهِمْ غَيْرُهُمْ :ف لِإِيلافِ قُرَيْشٍ، وَفَضَّلَهُمْ بِأَنَّ فِيهِمُ النُّبُوَّةَ، وَالْخِلافَةَ، وَالْحِجَابَةَ، وَالسِّقَايَةَ..»[١] واتە: خوا فەزڵی داوە بەسەر قورەیشییەکان بە حەفت خەسڵەتەوە، دەساڵ خواپەرستیان کرد، لە کاتێکدا جگە لە قورەیش هیچ کەسێتر نەبوو کە لەسەر گۆی زەوی خواپەرستی بکەن! خوا فەزڵی پێدان بەوە سەریانی خست لە ڕووداوی ڕۆژی فیلدا، لە کاتێکدا کە ئەوان موشریك بوون، خوا فەزڵی لێنان کە خوا سوورەتێکی تایبەت بەوان دەبەزاند کە بۆکەسی تر دانەبەزاندبوو ئەویش بە سورەتی (قُرَيْشٍ)، خوا فەزڵی لێنان بەوە کە پێغەمبەری لە نێو خۆیاندا هەڵخست، وە خیلافەت و سپاردنی کلیلی کەعبە و گێڕانی ئاو بە حاجیانی پێبەخشین.

ئەمەش بەڵگەیە کە قورەیشییەکان پێش هاتنی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" لەسەر شیرك بوونە کە شیاوی ئاگرە، هەروەك ئەو ماوەی کە ئیسلامیش هات ماوەی مەككی بوو، دوای هاتنی ئیسلام لەسەر گۆی زەوی جگە لە قورەیش هیچ کەس نەبوو کە باوەڕداربێت و شوێن پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" کەوتبن.

لەفەرمودەی قودسیدا هاتووە کە دەفەرموێت: «عَنْ عِيَاضِ بْنِ حِمَارٍ الْمُجَاشِعِيِّ –رضي الله عنه–: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ –صلى الله عليه وسلم– قَالَ ذَاتَ يَوْمٍ فِي خُطْبَتِهِ: – أَلا إِنَّ رَبِّي أَمَرَنِي أَنْ أُعَلِّمَكُمْ مَا جَهِلْتُمْ مِمَّا عَلَّمَنِي يَوْمِي هَذَا: كُلُّ مَالٍ نَحَلْتُهُ عَبْدًا حَلالٌ، وَإِنِّي خَلَقْتُ عِبَادِي حُنَفَاءَ كُلَّهُمْ. وَإِنَّهُمْ أَتَتْهُمُ الشَّيَاطِينُ فَاجْتَالَتْهُمْ عَنْ دِينِهِمْ، وَحَرَّمَتْ عَلَيْهِمْ مَا أَحْلَلْتُ لَهُمْ، وَأَمَرَتْهُمْ أَنْ يُشْرِكُوا بِي مَا لَمْ أُنْزِلْ بِهِ سُلْطَانًا. وَإِنَّ اللَّهَ نَظَرَ إِلَى أَهْلِ الْأَرْضِ فَمَقَتَهُمْ، عَرَبَهُمْ وَعَجَمَهُمْ، إِلَّا بَقَايَا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ.... »[٢]

واتە: لە "عەییازی کوڕی حیماری موجاشیعی"یەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" ڕۆژێکیان لە وتارێکیدا فەرمووی: (بزانن کە پەروەردگار فەرمانی پێکردووم، ئەوەی کە نازانن فێرتان بکەم لەوەی کە لەم ڕۆژەدا فێری کردووم. هەر ماڵێك کە خەڵاتم کردبێت بە بەندەیەك ئەوە بۆی حەڵاڵە، من بەندەکانی خۆمم هەموو لەسەر ڕێگای ڕاستی و یەکتاپەرستی دروست کردووە، کەچی شەیتانەکان هاتن بۆیان و لە دینی خۆیانیان لادان و، ئەوەی بۆم حەڵاڵ کردبوون حەرامیان کرد لە سەریان، فەرمانیان پێکردن کە هاوەڵم بۆ دابنێن بێئەوەی هیچ بەڵگەیەکم لەسەر ناردبێت، خوای باڵادەست تەماشای هەموو دانیشتوانی سەر زەوی کرد هەرهەموویانی لابێزرا چ عەرەبیان و چ عەجەمیان مەگەر کەمێك نەبێت لە پاشماوەی خاوەن کتێبەکان.

پاشماوەی خاوەن کتێبەکانیش ئەوانە بوون کەلەسەر یەکتاپەرستیی بوون، و پارێزگاریان لە دینی خۆیان ئەکرد و لە هەق لایان نەدابوو. کەوابوو وشەکانی (فَمَقَتَهُمْ، عَرَبَهُمْ وَعَجَمَهُمْ) بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە ئەوان لەسەر شیرك بوون کە شیاوی تووڕەیی و ئەشکەنجەکانی خوابوو. یانی ئەوان لەو ئەهلی فەترانە نەبوون کە عوزریان بۆ بهێنرایەتەوە.

هەروەها لە سەحیحدا هاتووە کەوا "عائیشە" (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: گوتم: «يَا رَسُولَ اللَّهِ، ابْنُ جُدْعَانَ كَانَ فِي الْجَاهِلِيَّةِ يَصِلُ الرَّحِمَ، وَيُطْعِمُ الْمِسْكِينَ، فَهَلْ ذَاكَ نَافِعُهُ؟» ئەی پێغەمبەری خوا "ئیبنوجودعان" لەسەردەمی نەفامیدا سیلەی ڕەحمی بەجێ دەگەیاند، خواردنی بەهەژاران ئەدا، ئایا ئەمە هیچ سوودێکی پێ دەگەیەنێت؟ فەرمووی: «لَا يَنْفَعُهُ، إِنَّهُ لَمْ يَقُلْ

---

(١) صحيح الجامع الصغير: ٤٢٠٨

(٢) رواه مسلم

يَوْمًا: رَبِّ اغْفِرْ لِي خَطِيئَتِي يَوْمَ الدِّينِ» واتە: سوودی پێناگەیەنێت، چونکە ئەو رۆژێ لە رۆژان نەیگوت: ئەی پەروەردگار لە تاوانم خۆشبە لە رۆژی دوایی!! ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەوان لە گەلێك نەبوون لە ئەهلی فەترە کە عوزریان بۆ بهێنرێتەوە، هەرچەندیشە دەمێکبوو کە پێغەمبەری نوێ نەهاتبوو.[1]

دیسان هەر لەوانەی پێش ئیسلام کە کەمتەرخمبوون لە وەرگرتنی ئاگادارییەکانی پێغەمبەران و هەر لەسەر خراپە و شیرك ژیان و مردن، هیچ عوزرێکیان لێ وەرنەگیراوە. هەروەك لەو فەرموودەی کە "جابر" (خوا لێی رازی بێت) بۆمان دەگێڕێتەوە، دەڵێت: کەوا پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" رۆژێك دەچێتە ناو دارخورماکانی بەنی نەجار، لەوێ گوێی لە دەنگ و قیژەیەکی زۆری پیاوانی بەنی نەجار ئەبێت کە لەجاهلیدا مردبوون و لە گۆڕەکانیان سزا دەدران!! پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بەپەلە و پەشۆکاوییەوە دێتە دەرەوە، فەرمان بە یارانی دەکات پەنا بۆخوا بەرن لە سزای ناوگۆڕ.

هەروەك لە ریوایەتی "ئەنەس"یشدا هاتووە کە دەفەرموێت: «أَنّ النَّبِيَّ "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"مَرَّ بِنَخْلٍ لِبَنِي النَّجَّارِ ، فَسَمِعَ صَوْتًا، فَقَالَ : " مَا هَذَا؟ " قَالُوا : قَبْرُ رَجُلٍ دُفِنَ فِي الْجَاهِلِيَّةِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" : " لَوْلَا أَنْ لَا تَدَافَنُوا، لَدَعَوْتُ اللَّهَ "عَزَّ وَجَلَّ" أَنْ يُسْمِعَكُمْ عَذَابَ الْقَبْرِ»[2] واتە: پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بەلای دارخورمایەکی بەنی تیرەی نەجاردا رەتبوو، گوێی لە دەنگێکبوو، فەرمووی: ئەمە چییە؟ گوتیان: ئەوە گۆڕی پیاوێکە کە لە سەردەمی نەفامیدا نێژراوە!! پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمووی: ئەگەر لە ترسی ئەوە نەبوایە کە نەکا بەخاك نەتانسپێرن، ئەوە داوام لەخوای بەرزو بلند دەکرد کە گوێتان لەدەنگی سزاکانی گۆڕ ببوایە!!

لێرەدا شێخی "ئەلبانی" (رەحمەتی خوای لێ بێت) لە سوودی ئەم فەرموودەدا دەڵێت: ئەهلی جەهل و نەدانی ئەوانەی کە پێش هاتنی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" مردوون بەهۆی شیرك و کوفرەکانیانەوە خوا سزایان ئەدات، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە ئەوان لەزەمەنی فەترەدا نەبوون کە پێغەمبەرانیان پێ نەگەیشتبێت! چون ئەگەر وا نەبوایە ئەوە شیاوی سزا نەبوون وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رَسُولاً﴾[3] بۆیە لە فەرموودەکەی "ئەنەس"دا هاتووە کاتێ کە پیاوێك دێتە خزمەت پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەڵێت: باوکم لە کوێیە؟ فەرمووی لە ناو ئاگرە، کاتێ کە کابرا بە نیگەرانییەوە رۆیشت پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بانگی کردەوە فەرمووی: « إِنَّ أَبِي وَأَبَاكَ فِي النَّارِ»[4] باوکی منیش و تۆش هەر لە ئاگرە.

لە بەرامبەر ئەمەدا لە سوننەتی پێغەمبەردا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" هەمانە کە لە ئەهلی فەترەش بوونە، واتە پێش هاتنی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر کەچی عوزریان بۆ هێنراوەتە، ئەوان بەدوای هەقدا گەڕاون و هەقیان دۆزیوەتەوەو باوەڕیان بە خواو بە رۆژی دوایی هێناوەو خۆیان لە شەریك دانان بواردووە، لەوانە "وەرەقەی کوری نەوفەل"، وەك لە فەرموودەدا هاتووە دەفەرموێت:«لا تَسُبُّوا وَرَقَةَ بْنَ نَوْفَلٍ، فَإِنِّي رَأَيْتُ لَهُ جَنَّةً، أَوْ جَنَّتَيْنِ»[5] واتە: جنێو بە "وەرەقەی کوری نەوفل" مەدەن، چون من بەهەشتێك یا دوو بەهەشتم بۆ ئەو بینی!

هەر لەوانەی کە ئەهلی فەترە بوون، وەك "قەسسی کوڕی ساعدە" لە تیرەی (ئەیادی کوڕ مەعد) کە ناسراو بوو بە حەکیمی عەرەب، باوەڕی بە زیندوو بوونەوە هەبوو، دەیگوت: (من عاش مات، ومن مات فات، وكل ما هو آتٍ آت). واتە: ئەوەی ژیا مرد، ئەوەی مرد، رەتبوو، هەموو ئەوانەیش کە ئەبوو بێن هاتن. دەڵێن رۆژێك شاندێکی (تیرەی ئەیاد) دێنە لای پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"، ئەویش پرسیاری "قەسسی کوری ساعدە" دەکات، ئەوانیش دەڵێن: لە ناوچوو،

---

(١) رواه مسلم عن عائشة "رَضِيَ اللَّهُ عَنها"

(٢) سلسلة الأحاديث الصحيحة: ١٥٨

(٣) السلسلة الصحيحة: ٢٤٧/١

(٤) صحيح مسلم

(٥) صحيح الجامع الصغير: ٧٣٢٠ عَنْ عَائِشَةَ "رَضِيَ اللهُ عَنْها"

پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" دەفەرموێت: ڕەحمەتی خوای لێ بێت![1] کەوابوو ئەوەش بەڵگە لەسەر ئەوانەی کە لەئەهلی فەترەبوون، بەڵام باوەڕداربوون.

### ئەو حاڵەتانەی کە جەهلەکان عوزریان بۆ ناهێنرێتەوە

ئەو حاڵەتانەی کە جەهل تیایدا هیچ عوزرێکی بۆ ناهێنرێتەوە، لەوانە:

١. ڕوو وەرگێڕان لە وەرگرتنی زانستە شەرعییەکان و پشتکردن لە ئایەت و نیشانەکانی خوا کە دەلالەت لەسەر تاک و تەنهایی خوا و ئەو پەیامە دەکەن کە بۆ پێغەمبەران هاتووە. بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنْ كَذَّبَ بِآيَاتِ اللَّهِ وَصَدَفَ عَنْهَا سَنَجْزِي الَّذِينَ يَصْدِفُونَ عَنْ آيَاتِنَا سُوءَ الْعَذَابِ بِمَا كَانُوا يَصْدِفُونَ﴾ (الأنعام: ١٥٧). واتە: جادەبێ چ کەسێك لەوکەسە ستەمکارتربێ، کەپاش ئەوکتێبە بڕوای بە ئایەتەکانی خوا نەبێ و بەدرۆیان بزانێ و ڕوویان لێوەرگێڕێ؟! دڵنیابن بەزوویی سزایەکی زۆرخراپی ئەوکەسانە دەدەین، کە ڕوو لەئایەتەکانمان وەرئەگێڕن، هەر لەبەرئەوکارە کە کردیان.

ئایەتی ﴿صَدَفَ عَنْهَا﴾ یانی ڕوو لێوەرگێڕان، وەك ئیبنووعەبباس و موجاهید و قەتتادە و ئیبنوجەریر فەرموویانە.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنْ ذُكِّرَ بِآيَاتِ رَبِّهِ فَأَعْرَضَ عَنْهَا وَنَسِيَ مَا قَدَّمَتْ يَدَاهُ إِنَّا جَعَلْنَا عَلَى قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَنْ يَفْقَهُوهُ وَفِي آذَانِهِمْ وَقْرًا وَإِنْ تَدْعُهُمْ إِلَى الْهُدَى فَلَنْ يَهْتَدُوا إِذًا أَبَدًا﴾ (الكهف: ٥٧). واتە: کێ ستەمکارترە لەو کەسەی کە ئامۆژگاری کرابێت بە ئایەتەکانی پەروەردگاری بەڵام ئەو گوێی پێ نەداو، و ئەو تاوانانەی کە کردویەتی لە بیری خۆی بباتەوە، بەڕاستی ئێمە چەند پەردەیەکی ئەستورمان داوە بەسەر دڵیاندا تا تێنەگەن (لە ئایەتەکانی ئێمە) وە قورسی و کەڕیمان خستۆتە گوێیانەوە (تا ڕاستی نەبیستن) جا ئەگەر بانگیان بکەیت بۆ سەر ڕێگای ڕاست ئەوانە هەرگیز هیدایەت وەرناگرن.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ أَعْرَضَ عَنْ ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنْكًا وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَى . قَالَ رَبِّ لِمَ حَشَرْتَنِي أَعْمَى وَقَدْ كُنْتُ بَصِيرًا . قَالَ كَذَلِكَ أَتَتْكَ آيَاتُنَا فَنَسِيتَهَا وَكَذَلِكَ الْيَوْمَ تُنْسَى﴾ (طه: ١٢٤-١٢٦). واتە: وە هەرکەسێکیش لەو قورئانەیەم ڕووەرگێڕێتەوە بێگومان ژیانێکی سەختی تووش دەکەم، وە لەڕۆژی قیامەتیشدا بەکوێریی حەشرو دادگایی ئەکەین! ئەویش لەو هەڵوێستەدا ئەڵێ: ئەی پەروەردگارم! بۆچی منت بەکوێری حەشرکرد؟ خۆمن لەدونیادا چاوم ساغ بوو و بینا بووم؟! خوا وەڵامدا دەفەرموێ: کار هەروایە! تۆ بەڵگەو ئایەتە ڕۆشنەکانی ئێمەت بۆهات لەبیرت کرد! ئاوا ئەمڕۆش تۆش لەبیر دەچیت، پشت گوێت ئەخەین و فەرامۆشت ئەکەین!!

هەروەها پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" دەفەرموێت « عن أَبِي واقِدٍ الحارِثِ بن عَوْفٍ رضيَ اللَّه عنْهُ أَنَّ رسُولَ اللَّهِ صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وسَلَّم بيْنَما هُو جَالِسٌ في المسْجِدِ ، والنَّاسُ معهُ ، إذ أَقْبلَ ثَلاثَةُ نَفَرٍ ، فَأَقْبلَ اثْنَانِ إلى رسولِ اللَّهِ صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وسَلَّم وذَهب واحدٌ، فوقَفَا على رسول اللَّهِ صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وسلَّم . فَأَمَّا أحدُهُما فرأى فُرْجَةً في الحلْقَةِ ، فجَلَسَ فيها وأَمَّا الآخَرُ ، فَجَلَس خَلْفَهُمْ ، وأَمَّا الثالثُ فَأَدبر ذاهباً . فلمَّا فَرَغَ رسُولُ اللَّهِ صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وسَلَّم قال: أَلا أُخبِرُكم عن النَّفَرِ الثَّلاثَةِ ، أَمَّا أَحدُهم ، فَأَوى إلى اللَّهِ فآواه اللَّه وأَمَّا الآخرُ فَاسْتَحْيى فاستحيي اللَّهُ مِنْهُ وَأَمَّا الآخرُ ، فأَعْرَضَ ، فأَعْرض اللَّهُ عنْهُ » (متفقٌ عليه). واتە: "ئەبووواقیدی لەیسی" (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: لەکاتێکدا کە پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" لە مزگەوت دانیشتبوو خەڵکیش لە خزمەتیدا بوون، لەکتوپڕ سێ کەس هاتن، دووانیان ڕوویان کردە پێغەمبەری خواو "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" یەکێکیان ڕۆیشت، لەبەردەم پێغەمبەری خوادا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" وەستا، یەکێکیان بۆشاییەکی لە ئەڵقەی کۆڕەکەدا بینی و تیایدا دانیشت، ئەوی دیکەیان لەدوایانەوە دانیشت، بەڵام سێیەمیان پشتی هەڵکرد و ڕۆیشت، کاتێ پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" لێ بوووەوە فەرمووی: هەواڵی ئەو سێ کەسەتان نەدەمێ؟ یەکێکیان پەنای هێنا بەخوا، خوایش جێگەی کردەوە، ئەوی تریان شەرمی کرد خوای گەورە عوزری قبوڵ کرد، بەڵام سێیەمینیان پشتی هەڵکرد و خوایش پشتی لەوکرد.

---

(١) مختصر السيرة للشيخ عبد الله بن محمد عبد الوهاب، باب أهل الفترة

ئەو پیاوەی کە ڕووی لە مەجلیسەکە وەرگێڕا، ڕووی لە وەرگرتنی زانستە شەرعییەکە وەرگێڕاوە، لەگەڵ ئەوە دەیتوانی کە ڕووی وەرنەگێڕایە، بۆیە موستەحەقی ئەوەیە کە خوای گەورەش ڕووی لێ وەربگێڕێت، ئەوەی کە ڕووی خۆیشی وەرگێڕێ ئەوە عوزر بۆ جەهلەکەی ناهێنرێتەوە.

"ئیمامی ئیبنولقەییم" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: سزاکە بەسەبەب دووهۆکارەوەیە، **یەکەم**: ڕووی لە حوججەکە وەرگێڕاوە، **دووەم**: کەللەڕەقیەتی لەوە کە هەڵسێ بە ئەرکەکان، کەواتە: یەکەمیان کوفر و ڕوولێوەرگێڕانە، ئەوی تریان کوفری کەللەڕەقییە.(۱)

۲. ئەگەر جەهلەکە لە ڕووی ئاگادارەکانی پێغەمبەرانەوە بێت، بە هۆکار چاولێکەرییەکانیان لە باوکوباپیرانیان و پێشەوا کافرەکانەوە، لەمەشا عوزر بۆ جەهلەکانیان ناهێنرێتەوە. وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَوْمَ تُقَلَّبُ وُجُوهُهُمْ فِي النَّارِ يَقُولُونَ يَا لَيْتَنَا أَطَعْنَا اللَّهَ وَأَطَعْنَا الرَّسُولَا * وَقَالُوا رَبَّنَا إِنَّا أَطَعْنَا سَادَتَنَا وَكُبَرَاءَنَا فَأَضَلُّونَا السَّبِيلَا * رَبَّنَا آتِهِمْ ضِعْفَيْنِ مِنَ الْعَذَابِ وَالْعَنْهُمْ لَعْنًا كَبِيرًا﴾ (الأحزاب:٦٦-٦٨). واتە: ڕۆژێ کە دەم و چاویان لە ئاگری دۆزەخ دا ئەم دیوو ئەو دیو دەکرێت دەڵێن: خۆزگە گوێڕایەڵی خواو گوێڕایەڵی پێغەمبەرمان بکردایە. وە دەڵێ: ئەی پەروەردگارمان بەڕاستی ئێمە بە گوێی سەران و گەورەکانمان کرد ئێتر لە ڕێگای ڕاست گومڕایان کردین، ئەی پەروەردگارمان دوو بەرابەر سزایان بدە و بەر نەفرینی گەورەی خۆتیان بخەیت.

یاخود دەفەرموێت: ﴿وَقَالَ الَّذِينَ اسْتُضْعِفُوا لِلَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا بَلْ مَكْرُ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ إِذْ تَأْمُرُونَنَا أَنْ نَكْفُرَ بِاللَّهِ وَنَجْعَلَ لَهُ أَنْدَادًا وَأَسَرُّوا النَّدَامَةَ لَمَّا رَأَوُا الْعَذَابَ وَجَعَلْنَا الْأَغْلَالَ فِي أَعْنَاقِ الَّذِينَ كَفَرُوا هَلْ يُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ (سبأ: ٣٣). واتە: وە کزکراوو چەوسێنراوەکان، بەخۆ بەزلزانەکان و زۆردارەکان دەڵێن: نەخێر، وانییە، بەڵکو فرت وفێڵی شەوانە ڕۆژانەی ئێوە بوو ئێمەشی سەرگەردان کرد! چونکە هەردەم فەرمانتان پێ ئەکردین کە بڕوامان بە خوا نەبێ و؛ چەند هاوبەشێکی بۆ دابنێین! وە پەشیمانی لەدڵیاندا ئەشارنەوە، کاتێ سزاکە دەبینن وەکۆت و زنجیر ئەکەینە ملی ئەوانە کافربوون بۆ زیادە سزا ئەوە مافی خۆیانە، ئایا مەگەر هەرکەس هەر بەپێی کردەوەی خۆی سزا نادرێ ؟ واتە ستەم لەهیچ کەس ناکرێ.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ يَتَحَاجُّونَ فِي النَّارِ فَيَقُولُ الضُّعَفَاءُ لِلَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا إِنَّا كُنَّا لَكُمْ تَبَعًا فَهَلْ أَنْتُمْ مُغْنُونَ عَنَّا نَصِيبًا مِنَ النَّارِ * قَالَ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا إِنَّا كُلٌّ فِيهَا إِنَّ اللَّهَ قَدْ حَكَمَ بَيْنَ الْعِبَادِ﴾ (غافر: ٤٧- ٤٨). واتە: بۆیان باس بکە ئەی پێغەمبەر! کاتێ لەناو ئاگردا لەگەڵ یەکتر کێشمەکێشیانەو، یەکتر تاوانبارو گوناهبار ئەکەن: جالاوازو چەوساوەکان، (شوێنکەوتووە بێ دەسەڵاتکراوەکان) بە لەخۆبایی بووەکان (شەرۆکەکان) دەڵێن: بەڕاستی ئێمە شوێنکەوتووی ئێوە بووین، جا ئایا ئێستا ئەتوانن و دەسەڵاتتان هەیە بەشێك لەسزای ئەو ئاگرەمان لەکۆڵ بخەن؟ سەرکردە دەماخبەرزە لەخۆبایی بووەکانیش ئەڵێن: بەڕاستی ئێمە هەموو لەناو ئاگرداین، ئەگەر شتێکمان پێ کرابا، بۆخۆمانمان ئەکرد بەڕاستی خوا لەنێوان بەندەکانیدا بەدادگەرانە داوەریی کرد.

۳. دیسان ئەوکەسەی جەهلەکەی بە ئاگادارییەکانی پێغەمبەران بێت بە هۆکار ئەوە وا ئەزانێت کە لەسەر هەقە!! ئەوا ئەو کەسەش عوزر بۆ جەهلەکەی ناهێنرێتەوە. وەك خوای گەورە باسی ئەو کەسانە دەکات و دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ لَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ قَالُوا إِنَّمَا نَحْنُ مُصْلِحُونَ * أَلَا إِنَّهُمْ هُمُ الْمُفْسِدُونَ وَلَكِنْ لَا يَشْعُرُونَ﴾ (البقرة: ١١-١٢). واتە: وەکاتێك پێیان بگوترایە ئاشوب مەنێنەوە لە زەوی دا – ئاژاوە بەرپا مەکەن لە وڵاتدا دەیان گوت : ئێمە هەر چاکە کارین ئاگادار بن کەبەڕاستی هەر ئەوانن ئاشوبگێڕ، بەڵام هەستی پێ ناکەن.

---

(۱) طريق الهجرتين، ص ٤١٤

یان دەفەرموێت: ﴿قُلْ هَلْ نُنَبِّئُكُمْ بِالْأَخْسَرِينَ أَعْمَالاً * الَّذِينَ ضَلَّ سَعْيُهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ يُحْسِنُونَ صُنْعاً * أُولَئِكَ الَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ وَلِقَائِهِ فَحَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فَلا نُقِيمُ لَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَزْناً﴾ (الكهف: ١٠٣- ١٠٥). واته: بڵێ ئەی محەممەد "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم": ئایا پێتان بڵێم: زیانبارترین کەس لای خوا کێیە؟ ئەوانەن کە هەوڵ وتێکۆشانەکانیان لەم ژیانی دونیادا بەهەوانتەو بێ ناوەرۆك دەرچوو، لەگەڵ ئەوەیشدا لایان وایە کارێکی شیاوو شایستەیان ئەنجام داوە، ئەوانە کەسانێکن کەبە ئایەتەکانی پەروەردگاریان و بەگەیشتنی دیداری ئەو لەدواڕۆژدا کافرو بێباوەڕبوون، ئینجا لەبەرئەوە کردەوەکانیان نابوودو پووچەڵبووە، ئینجا ئێمەش لەڕۆژی قیامەتدا هیچ تەرازوو میزانێکی سەنگینیان بۆدانانێین.

"شەنقیتی" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: ئەم ئایەتانە ئەوە نیشان ئەدەن کەوا بابای بێباوەڕ گومانبردنیان بەوە کە لەسەر هەقن، هیچ سوودێك نادات.

٤. دیسان ئەو کەسەی کە جەهلەکەی بەهۆکاری عینادو خۆ بە گەورە زانینەوە بێت، کە بەم شێوە ئیمان ناهێنێ و مل بۆ هەق کەچ ناکات، ئەوا ئەو کەسانە هیچ عوزرێك بۆ جەهلەکانیان ناهێنرێتەوە. چون تووشی زۆرترینی کوفر و توغیان بوونە. وەك خوای گەورە باسی ئەو کەسانە دەکات و دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ أَنَّنَا نَزَّلْنَا إِلَيْهِمُ الْمَلائِكَةَ وَكَلَّمَهُمُ الْمَوْتَى وَحَشَرْنَا عَلَيْهِمْ كُلَّ شَيْءٍ قُبُلاً مَا كَانُوا لِيُؤْمِنُوا إِلَّا أَنْ يَشَاءَ اللَّهُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ يَجْهَلُونَ﴾ (الأنعام: ١١١). واته: ئەگەر فریشتەشمان ناردبایە لایان و بە چاو دیتبانیان وەك خۆیان داوایانکرد و مردووەکانیش زیندوو بوونایەتەوەو قسەیان لەگەڵ کردبان بۆ ڕاستیی تۆ و هەموو رابوردوانیشمان ڕوو بە ڕوویان کۆ کردبایەتەوە وشایەتیی ڕاستیتۆیان دابا، باوەڕیان نەدەهێنا، بەڵام زۆربەیان نەزان و بێ ئاگان لەم ڕاستیانە. یان دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا تُتْلَى عَلَيْهِ آيَاتُنَا وَلَّى مُسْتَكْبِراً كَأَنْ لَمْ يَسْمَعْهَا كَأَنَّ فِي أُذُنَيْهِ وَقْراً فَبَشِّرْهُ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ (لقمان: ٧). واته: هەر کاتێکیش ئایەتەکانی ئێمەی بەسەردا دەخوێنرێتەوە بەفیزو دەعیەوە ڕووی وەردەگێڕێ، هەروەك نەیبیستبێ دەڵێی هەردووگوێی قورس و گران بووبن سا تۆش موژدەی پێبدە بە سزایەکی بەئێش.

٥. دیسان ئەوانەی کە لە ئایەتەکانی خوا غافل و بێئاگان و گەمەوگاڵتەکانیان بووەتە هۆی پەرچ و لەمپەر لە ڕێگەی وەرگرتنی ئایەتەکانی خوادا، دیسان ئەو کەسانە هیچ عوزر بۆ جەهلەکانیان ناهێنرێتەوە. وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الَّذِينَ لا يَرْجُونَ لِقَاءَنَا وَرَضُوا بِالْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَاطْمَأَنُّوا بِهَا وَالَّذِينَ هُمْ عَنْ آيَاتِنَا غَافِلُونَ * أُولَئِكَ مَأْوَاهُمُ النَّارُ بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ﴾ (یونس: ٧- ٨). واته: جێ وشوێنی ئەوانە گشت هەر ئاگری دۆزەخە بە هۆی ئەو کارە خراپانەوە کەو لەدنیادا کردویانن، بەڕاستی ئەوانەش بڕوای ڕاستەقینەیان هێناوەو ئاکاری چاکیان ئەنجام دا بەهۆی باوەڕە ڕاستەکەیانەوە، خوای پەروەردگاریان ڕێنوێنیان ئەکات بۆ ئەنجامدانی هەموو کارێکی خێرو چاك و دەشیانباتە چەند بەهەشتێکەوە کە لەبنکی دارو درەخت و لە ژێر کۆشکەکانیانەوە گەلێ ڕووبارو چۆم دێن و دەچن.

هەروەها ئەوانەی کە خوویان داوەتە گۆرانی و مۆسیقاوە، ڕوویان لە هەق وەرگێڕاوە، هەرچەند دەیان بەڵگە لەسەر حەڕامی گۆرانی و مۆسیقا لە ئارادایە، ئەمانە وای کردووە کە نەتوانن ڕوو لەهەق بکەن، ئەوە دیسان عوزر بۆ جەهلەکانیان ناهێنرێتەوە. وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَشْتَرِي لَهْوَ الْحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَيَتَّخِذَهَا هُزُواً أُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مُهِينٌ﴾ (لقمان: ٦). واته: هەندێ لە خەڵکی هەیە قسە و باسی بێهودە دەکڕێ (وەك ئەفسانە و گۆرانی و مۆسیقا) بۆ ئەوەی بە نەزانی خەڵك لە ڕێگای خوا گومڕا بکات وە ڕێگای خوا دەکاتە جێگای گاڵتەو لاقرتی، ئەوانە سزای ڕیسواکەر یان بۆ هەیە.

ئیبنوعەبباس دەڵێت: سوێند بەوخوایە (لهو الحديث) مۆسیقایە.

٦. ئەوکەسەی کە جەهلەکەی لەبارەی ئاگادارییەکان پێغەمبەران بە هۆکار دڵڕەقییەوە بێت! ئەوانە کەسانێکن قەت ناتوانن لە ئایەتەکانی خوا ورد ببنەوە، قەت عیبرەت لە ڕووداوەکان وەرناگرن لەبەر دڵڕەقیان، چونکە ئەوانە پەردە کەوتوتە

سەردڵیان ناتوانن دەرك بە هەق بكەن. وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَوَيْلٌ لِّلْقَاسِيَةِ قُلُوبُهُم مِّن ذِكْرِ اللَّهِ أُولَٰئِكَ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ﴾ (الزمر: ٢٢). واتە: جا تیاچوون بۆ دڵرەقان، لەیادكردنی خوا، ئا ئەوانە لەگومڕاییەكی ئاشكرادان.

یان دەفەرموێت: ﴿إِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِ آيَاتُنَا قَالَ أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ * كَلَّا بَلْ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا يَكْسِبُونَ﴾ (المطففين: ١٤). واتە: كاتێ ئایەتەكانی ئێمەی بەسەرا بخوێندرێ بۆ چەسپاندن و دووپاتكردنەوەی زیندوو بوونەوە، دەڵێ ئەمە ئەفسانەی پێشینانە تۆمار كراوە، نا، ئەفسانەی پێشووان نییە بەڵكوو ئەوەی دەیانكرد لە تاوان و گوناهـ زاڵبووە بە سەر دڵەكانیاندا.

**ئیقامە حوججە چییە؟**

ئیقامە حوججەت: بریتییە لە هەڵسان بە پێشكەشكردنی بەڵگە و بیانوو كە هۆكارە بۆ ڕەتكردنەوەی جەهل و دەستەوسانی.

**بەچ شتێک بیانووەکان ئەبرێن؟**

ئەو كەرەسانەی كە بیانووی بەندەكان ئەبڕن، ئەمانەی خوارەوەن:

**(١) قورئانی پیرۆز:** كە بیانوویكی ڕەهایە بۆ سەر بەندەكان: هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَٰذَا الْقُرْآنُ لِأُنذِرَكُم بِهِ وَمَن بَلَغَ﴾ (الأنعام: ١٩). واتە: بۆیە ئەم قورئانەشم وەحی بۆكراوە، كە ئێوەو هەركەسێكیتریش دەنگی ئەم قورئانەی دەگاتێ، پێ بترسێنم و، ئاگادار كەمەوە، هەروەها لە فەرموودەدا هاتووە دەفەرموێت: «تَرَكْتُ فِيكُمْ أَمْرَيْنِ لَنْ تَضِلُّوا مَا تَمَسَّكْتُمْ بِهِمَا : كِتَابَ اللَّهِ، وَسُنَّةَ نَبِيِّهِ»[1]. واتە: دووشتم لە نێوتانا جێ هێشتووە، قەت گومڕا نابن گەر خۆتانی پێوە بگرن، ئەویش كتێبی خواو سوننەتی پێغەمبەرە "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّم"

هەروەها دەفەرموێت: «الْقُرْآنُ مُشَفَّعٌ، وَمَا حِلٌ مُصَدَّقٌ، مَنْ جَعَلَهُ إِمَامَهُ قَادَهُ إِلَى الْجَنَّةِ ، وَمَنْ جَعَلَهُ خَلْفَ ظَهْرِهِ سَاقَهُ إِلَى النَّارِ»[2] واتە: ئەم قورئانە شەفاعەتكار و شەفاعەت وەرگیراو و شایەتی دەرە (لەسەری یان بۆ سەری)، ئەوەی بیكات بە پێشڕەوی خۆی ئەیبات بۆ بەهەشتەوە، ئەوەیش پشتی تێ بكات ڕایئەكێشێت بۆ دۆزەخەوە. یانیش دەفەرموێت: «كِتَابُ اللَّهِ، هُوَ حَبْلُ اللَّهِ الْمَمْدُودُ مِنَ السَّمَاءِ إِلَى الأَرْضِ»[3] واتە: كتێبی خوا، گوریسێكی درێژی خوایە لە ئاسمانەوە بەرەو زەوی. (واتە: لەڕێگەی كتێبی خواوە بەندەكان دەگەن بە لیقاو ڕەزامەندی خوا).

**(٢) سوننەتەكانی پێغەمبەر** "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم": هەروەك پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەفەرموێت: «وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لايَسْمَعُ بِي أَحَدٌ مِنْ هَذِهِ الأُمَّةِ يَهُودِيٌّ ولانَصْرَانِيٌّ ثُمَّ لَمْ يُؤْمِنْ بِالَّذِي أُرْسِلْتُ بِهِ إِلاّ كَانَ مِنْ أَصْحابِ النَّارِ»[4] واتە: سوێند بەو خوایەی كە گیانی منی بەدەستە هیچ كەسێك ناوی من نابیستێت لەم ئوممەتە گاور بێ یان دیان، لە پاشدا باوەڕ بەو ئایینە نەهێنێ كە من بۆی هاتووم، ئەوا دەبێ بە هاوڕێ و هاودەمی دۆزەخییەكان (و هەتا هەتایە لە نێو ئاگردا دەمێنێتەوە).

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿مَنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ وَمَنْ تَوَلَّى فَمَا أَرْسَلْنَاكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظاً﴾ (النساء: ٨٠). واتە: هەركەسێك گوێڕایەڵی پەیامبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بكات، ئەوەبەڕاستی گوێڕایەڵی خوای كردوە و هەركەسیش پشت هەڵبكات و گوێڕایەڵی نەكات، ئەوە ئێمە تۆمان نەناردووەكەلاریزەرو چاودێربێ بەسەریانەوە.

---

(١) سلسلة الاحاديث الصحيحة (٤/ ٣٣٠)

(٢) السلسلة الصحيحة: ٢٠١٩ عَنْ جَابِرٍ "رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ"

(٣) السلسلة الصحيحة: ٢٠٢٤ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ "رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ"

(٤) رواه مسلم عن أبي هريرة "رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ"

هەروەها "ئیمام ئەحمەد" (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: سەرنجی قورئانم داوە ئەبینم کە لە سیوسێ شوێندا باس لە گوێڕایەڵی پێغەمبەر کراوە، ئینجا فەرمووی: خوا دەفەرموێت: ﴿فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَنْ تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ (النور: ٦٣) فیتەنەش لێرە شەریك دانانە بۆ خوا.

**(٣) بیانووی پەیمان لێ وەرگرتنەكان:** ئەویش بیانووی خوایە لەسەر بەندەكان، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِنْ بَنِي آدَمَ مِنْ ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَى أَنْفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ قَالُوا بَلَى شَهِدْنَا أَنْ تَقُولُوا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَذَا غَافِلِينَ . أَوْ تَقُولُوا إِنَّمَا أَشْرَكَ آبَاؤُنَا مِنْ قَبْلُ وَكُنَّا ذُرِّيَّةً مِنْ بَعْدِهِمْ أَفَتُهْلِكُنَا بِمَا فَعَلَ الْمُبْطِلُونَ﴾ (الأعراف: ١٧٢-١٧٣). واتە: وە كاتێ كە پەروەردگارت وەریگرت (دەری هێنا) لە پشتی ئادەمییەكان وەچەو نەوەكانیان وە كردنی بە شایەت بەسەر خۆیانەوە (پێی گوتن) ئایا من پەروەرگاری ئێوە نیم؟ (لە وەڵامدا) گوتیان: بەڵێ شایەتیمان دا تا نەڵێن لە ڕۆژی دوایی دا بەڕاستی ئێمە بێئاگابووین لەمە(كە خوا پەروەردگارمان)ە. یا نەوەكو بڵێن : بێگومان باوو باپیرانمان هاوبەشیان بڕیار داوە لە پێش (ئێمەوە) وە ئێمەش وەچە و نەوەی دوای ئەوان بووین دەی ئایا لەناومان دەبەیت بەوەی كە بێ فەرو خراپەكاران كردوویانە.

"ئیبنوعەبباس" دەڵێت پێغەمبەر "صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرموویەتی: « أَخَذَ اللَّهُ الْمِيثَاقَ مِنْ ظَهْرِ آدَمَ بِنَعْمَانَ يَعْنِي: عَرَفَةَ ، فَأَخْرَجَ مِنْ صُلْبِهِ كُلَّ ذُرِّيَّةٍ ذَرَأَهَا، فَنَثَرَهُمْ بَيْنَ يَدَيْهِ كَالذَّرِّ، ثُمَّ كَلَّمَهُمْ قِبَلًا، قَالَ : "أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ قَالُوا بَلَى شَهِدْنَا أَنْ تَقُولُوا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَذَا غَافِلِينَ أَوْ تَقُولُوا إِنَّمَا أَشْرَكَ آبَاؤُنَا مِنْ قَبْلُ وَكُنَّا ذُرِّيَّةً مِنْ بَعْدِهِمْ أَفَتُهْلِكُنَا بِمَا فَعَلَ الْمُبْطِلُونَ "» (أخرجه أحمد وغيره، سلسلة الأحاديث الصحيحة:١٦٢٣). واتە: خوای گەورە ئەم بەڵێنەی لە ئادەمییەكان وەرگرت، كە لە پشتی باوكمان ئادەم دابوون، لە گۆڕەپانی (عَرَفَة)، ئەو هەموو ئادەمیزادانەی لەو ڕۆژەوە ئەبن تا دونیا وێران ئەبێ، گشتی لە پشتی باوكمان ئادەم دەرهێنانو، لە پێش باوكە ئادەم بڵاوی كردنو، ڕووبەڕوو گفتوگۆی لەگەڵ كردنو، فەرمووی: ئایا من خوای ئێوە نیم؟ گوتیان: بەڵێ: تۆ خوای ئێمەی، ئێمە شاهیدین... تا نەڵێن لە ڕۆژی دوایی دا بەڕاستی ئێمە بێئاگابووین لەمە(كە خوا پەروەردگارمان)ە. یا نەوەكو بڵێن : بێگومان باوو باپیرانمان هاوبەشیان بڕیار داوە لە پێش (ئێمەوە) وە ئێمەش وەچە و نەوەی دوای ئەوان بووین دەی ئایا لەناومان دەبەیت بەوەی كە بێ فەرو خراپەكاران كردوویانە.

**(٤) حوججەتی فیترەتی ئینسان:** فیترەتی ئینسان حوججەتێكە لە حوججەتەكانی خوا لەسەر بەندەكان، چون هەموو كەس كە لە دایك دەبێت بە فیترەت لە مسولمانی لە دایك دەبێت، وەك پێغەمبەری خوا "صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەفەرموێت: «مَا مِنْ مَوْلُودٍ إِلَّا يُولَدُ عَلَى الْفِطْرَةِ ، فَأَبَوَاهُ يُهَوِّدَانِهِ أَوْ يُنَصِّرَانِهِ أَوْ يُمَجِّسَانِهِ كَمَا تُنْتَجُ الْبَهِيمَةُ بَهِيمَةً جَمْعَاءَ، هَلْ تُحِسُّونَ فِيهَا مِنْ جَدْعَاءَ»[(١)] واتە: هەر منداڵێك كەلەدایك دەبێت لەسەر فیترەو سروشتی پاك لەدایك دەبێت، پاشان دایك و باوكی یا دەیكەن بەجوولەكە یان نەسرانی یان مەجووس، هەروەكوو ئاژەڵێك بەچكەیەكی تێرو تەواوی دەبێت ئایا هیچ هەست بە لەنگی و كەموكورییەك دەكەن تیایدا؟

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفاً فِطْرَتَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لا يَعْلَمُونَ﴾ (الروم: ٣٠). واتە: جاكەواتە (ئەی ئینسان) زۆر بەپاكیی و دروستیی ڕوو هەر لەم ئایینە پاك و بێگەردەی ئیسلامە بكە لەسەر ئەو خیلقەتە بن خوا خەڵكانی لەسەر دروستكردووە، واتە: پەیڕەوی ئاینی یەكخواپەرستی بكەن نابێ هیچ جۆرە گۆڕانكارییەك لە دروستكراوی خوادا بكرێ كە خەڵكی لەسەر دروستكردووە، هەر ئەوەیشە دینی ڕێك و ڕاست بەڵام زۆربەی ئاپۆرەی مەردوم نازانن هەقیقەتی ئەوە.

هەروەها لە فەرموودەی قودسیدا هاتووە كە پێغەمبەر "صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەفەرموێت: «أَلَا إِنَّ رَبِّي أَمَرَنِي أَنْ أُعَلِّمَكُمْ مَا جَهِلْتُمْ مِمَّا عَلَّمَنِي يَوْمِي هَذَا: كُلُّ مَالٍ نَحَلْتُهُ عَبْدًا حَلَالٌ، وَإِنِّي خَلَقْتُ عِبَادِي حُنَفَاءَ كُلَّهُمْ. وَإِنَّهُمْ أَتَتْهُمُ الشَّيَاطِينُ فَاجْتَالَتْهُمْ عَنْ دِينِهِمْ، وَحَرَّمَتْ عَلَيْهِمْ مَا أَحْلَلْتُ لَهُمْ، وَأَمَرَتْهُمْ أَنْ يُشْرِكُوا بِي مَا لَمْ أُنْزِلْ بِهِ سُلْطَانًا»[(٢)] واتە: بزانن كە پەروەردگار فەرمانی

(١) صحيح مسلم عن ابي هريرة "رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

(٢) رواه مسلم عن عِيَاضِ بْنِ حِمَارٍ الْمُجَاشِعِيِّ "رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ"

پێکردووم، ئەوەی کە نازانن فێرتان بکەم لەوەی کە لەم رۆژەدا فێری کردووم. هەر ماڵێك کە خەڵاتم کردبێت بە بەندەیەك ئەوە بۆی حەڵاڵە، من بەندەکانی خۆمم هەموو لەسەر رێگای راستی و یەکتاپەرستی دروست کردووە، کەچی شەیتانەکان هاتن بۆیان و لە دینی خۆیانیان لادان و، ئەوەی بۆم حەڵاڵ کردبوون حەرامیان کرد لە سەریان، فەرمانیان پێکردن کە هاوەڵم بۆ دابنێن بێئەوەی هیچ بەڵگەیەکم لەسەر ناردبێت.

یان لەفەرموودەی خەوەکەدا هاتووە پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلى آلِهِ وسَلَّم" دەفەرموێت: «وَأَمَّا الرَّجُلُ الطَّوِيلُ الَّذِي فِي الرَّوْضَةِ ، فَإِنَّهُ إِبْرَاهِيمُ "عَلَيهِ السَّلام" وَأَمَّا الْوِلْدَانُ الَّذِينَ حَوْلَهُ، فَكُلُّ مَوْلُودٍ مَاتَ عَلَى الْفِطْرَةِ، قَالَ : فَقَالَ بَعْضُ الْمُسْلِمِينَ : يَا رَسُولَ اللَّهِ، وَأَوْلَادُ الْمُشْرِكِينَ؟، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلى آلِهِ وسَلَّم" : وَأَوْلَادُ الْمُشْرِكِينَ»[1] واتە: بەڵام ئەم پیاوە باڵابەرزەی کە لە رەوزە بوو، ئەوە ئیبراهیمە (علیه السلام)، بەڵام ئەو منداڵانەی کە لەدەوروبەری بوون، ئەوە هەموو ئەو منداڵانەن کە لەسەر فیترەت مردوون، واتە پێش باڵغبوون مردوون، هەندێ لە مسوڵمانان گوتیان منداڵی بێباوەڕانیش؟ فەرمووی: وە منداڵی بێباوەڕانیش.

**(٥) ئایەت و بەڵگەکانی خوا لە بوونەوەردا:** هەموو ئایەتە کەونییەکان حوججەت و بیانوون لەسەر بەندەکان، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَالْفُلْكِ الَّتِي تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِمَا يَنْفَعُ النَّاسَ وَمَا أَنْزَلَ اللَّهُ مِنَ السَّمَاءِ مِنْ مَاءٍ فَأَحْيَا بِهِ الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَبَثَّ فِيهَا مِنْ كُلِّ دَابَّةٍ وَتَصْرِيفِ الرِّيَاحِ وَالسَّحَابِ الْمُسَخَّرِ بَيْنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَعْقِلُونَ﴾ (البقرة: ١٦٤). واتە: بەراستی هەیە لە دروست کردنی ئاسمانەکان وزەوی و جیاوازی شەووڕۆژ (بە کورتی و درێژی) و ئەو کەشتیانەی کەدێن ودەچن لەدەریادا بەوشتانە کەقازانج دەگەیەنن بەخەڵکی وە ئەوەی کە خوا لەئاسمانەوە باراندی لە ئاو (باران) پاشان زەوی پێ زیندوو کردەوە (پێ بووژاندەوە) پاش مردنی وە بڵاوی کردەوە تێیدا لەهەموو جۆرە زیندەوەرێك وە گێڕانی بایەکان (بە هەموولایەکدا) وە ئەو هەورانەی رام کراوون لەناوەندی ئاسمان و زەوی دا چەند بەڵگەن بۆ کەسانێك کە تێبگەن.

"ئیبنوجەریر" لە تەفسیرەکەیدا ٢/٦٢-٦٥ د دەڵێت: خوای گەورە بەندەی خۆی لە روانگەی ئایەت و نیشانەکانییەوە لە وەحدانییەتی خۆی ئاگادار کردۆتەوە.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُوبٌ يَعْقِلُونَ بِهَا أَوْ آذَانٌ يَسْمَعُونَ بِهَا فَإِنَّهَا لَا تَعْمَى الْأَبْصَارُ وَلَكِنْ تَعْمَى الْقُلُوبُ الَّتِي فِي الصُّدُورِ﴾ (الحج: ٤٦). واتە: دەی ئایا ئەوانە بە زەوی دا نەگەڕاون تا دڵیان هەبێ بیری پێ بکەنەوە (لەو وێران بوونە) یا گوێیان هەبێ گوێی پێ بگرن (بۆ راستی) لە راستی دا چاوەکان کوێر نابن بەڵکوو ئەو دڵانە کوێر دەبن کە لە سینەکاندان.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿أَمَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَأَنْزَلَ لَكُمْ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَنْبَتْنَا بِهِ حَدَائِقَ ذَاتَ بَهْجَةٍ مَا كَانَ لَكُمْ أَنْ تُنْبِتُوا شَجَرَهَا أَإِلَهٌ مَعَ اللَّهِ بَلْ هُمْ قَوْمٌ يَعْدِلُونَ * أَمَّنْ جَعَلَ الْأَرْضَ قَرَارًا وَجَعَلَ خِلَالَهَا أَنْهَارًا وَجَعَلَ لَهَا رَوَاسِيَ وَجَعَلَ بَيْنَ الْبَحْرَيْنِ حَاجِزًا أَإِلَهٌ مَعَ اللَّهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ﴾ (النمل: ٦١). واتە: ئایا زاتێك کە ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە لە ئاسمانەوە بارانی بۆ ناردوون ئینجا بەو (بارانە) چەند باخچەیەکی خاوەن جوانیمان رواند کە ئێوە نەتان دەتوانی درەخت و رواوی ئەو (باخچە) بروێنن، ئایا هیچ پەرستراوی تر لەگەڵ خوادا هەیە؟! نەخێر نییە بەڵام ئەوانە گەلێکن لادەدەن لە رێگای راست. ئایا زاتێ کە زەوی کردۆتە جێگای ئارامی و نیشتەجێ بوون وە لەناو (زەوی) دا چەند رووباری بەدی هێناوە وە چەند چیای گەورەی بۆ زەوی داناوە وە لە نێوان دوو ئاودا (شیرین و سوێر) بەربەستی داناوە (بۆ ئەوەی تێکەڵ نەبن)، ئایا هیچ پەرستراوی تر هەیە لەگەڵ خوادا؟! نەخێر نییە بەڵام زۆربەیان نازانن.

هەروەها لە فەرموودەی موسلیمدا هاتووە دەفەرموێت: «عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ "رَضِيَ اللهُ عَنْهُ" قَالَ: قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ، هَلْ نَرَى رَبَّنَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ؟ قَالَ: هَلْ تُضَارُّونَ فِي رُؤْيَةِ الشَّمْسِ فِي الظَّهِيرَةِ لَيْسَتْ فِي سَحَابَةٍ؟ قَالُوا: لَا. قَالَ: "فَهَلْ تُضَارُّونَ فِي رُؤْيَةِ الْقَمَرِ لَيْلَةَ الْبَدْرِ لَيْسَ فِي سَحَابَةٍ" قَالُوا: لَا، قَالَ: "فَوَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَا تُضَارُّونَ فِي رُؤْيَةِ رَبِّكُمْ إِلَّا كَمَا تُضَارُّونَ فِي رُؤْيَةِ أَحَدِهِمَا، قَالَ: فَيَلْقَى الْعَبْدَ فَيَقُولُ: أَيْ فُلْ! أَلَمْ أُكْرِمْكَ وَأُسَوِّدْكَ وَأُزَوِّجْكَ، وَأُسَخِّرْ لَكَ الْخَيْلَ وَالْإِبِلَ، وَأَذَرْكَ تَرْأَسُ وَتَرْبَعُ؟ فَيَقُولُ: بَلَى –أي ربِّ–، قَالَ: فَيَقُولُ:

(١) صحيح البخاري عن سَمُرَةُ بْنُ جُنْدُبٍ "رَضِيَ اللهُ عَنْهُ"

أَفظَنَنْتَ أَنَّكَ مُلَاقِيَّ؟ فَيَقُولُ: لَا، فَيَقُولُ: فَإِنِّي أَنْسَاكَ كَمَا نَسِيتَنِي، ثُمَّ يَلْقَى الثَّانِيَ فَيَقُولُ: أَيْ فُلْ! أَلَمْ أُكْرِمْكَ وَأُسَوِّدْكَ وَأُزَوِّجْكَ وَأُسَخِّرْ لَكَ الْخَيْلَ وَالْإِبِلَ، وَأَذَرْكَ تَرْأَسُ وَتَرْبَعُ، فَيَقُولُ: بَلَى أَيْ رَبِّ، فَيَقُولُ: أَفَظَنَنْتَ أَنَّكَ مُلَاقِيَّ؟ فَيَقُولُ: لَا، فَيَقُولُ: فَإِنِّي أَنْسَاكَ كَمَا نَسِيتَنِي، ثُمَّ يَلْقَى الثَّالِثَ فَيَقُولُ لَهُ مِثْلَ ذَلِكَ، فَيَقُولُ: يَا رَبِّ آمَنْتُ بِكَ وَبِكِتَابِكَ وَبِرُسُلِكَ، وَصَلَّيْتُ وَصُمْتُ وَتَصَدَّقْتُ، وَيُثْنِي بِخَيْرٍ مَا اسْتَطَاعَ، فَيَقُولُ: هَاهُنَا إِذًا. قَالَ: ثُمَّ يُقَالُ لَهُ: الْآنَ نَبْعَثُ شَاهِدَنَا عَلَيْكَ، وَيَتَفَكَّرُ فِي نَفْسِهِ: مَنْ ذَا الَّذِي يَشْهَدُ عَلَيَّ؟ فَيُخْتَمُ عَلَى فِيهِ، وَيُقَالُ لِفَخِذِهِ وَلَحْمِهِ وَعِظَامِهِ: انْطِقِي، فَتَنْطِقُ فَخِذُهُ وَلَحْمُهُ وَعِظَامُهُ بِعَمَلِهِ، وَذَلِكَ لِيُعْذِرَ مِنْ نَفْسِهِ، وَذَلِكَ الْمُنَافِقُ، وَذَلِكَ الَّذِي يَسْخَطُ اللَّهُ عَلَيْهِ»(١)

واتە: "ئەبووهورەیرە" (خوای لێی ڕازی بێت) دەڵێ: گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ئایا پەروەردگارمان لە ڕۆژی قیامەتدا دەبینین؟ فەرمووی: (ئایا یەکتری بێتاقەت دەکەن بۆ بینینی خۆر لەدەمە و نیوەڕۆدا بێ ئەوەی پەڵە هەور بەری گرتبێت؟ گوتیان: نەخێر، فەرمووی: (ئەی یەکتری بێتاقەت دەکەن بۆدیتنی مانگ لەشەوی چواردەدا بێ ئەوەی پەڵە هەوری لەبەرابێت)؟ گوتیان: نەخێر، فەرمووی: (دە سوێند بەوکەسەی گیانی منی بەدەستە بۆ بینینی پەروەردگاری باڵادەستتان یەکتر بێتاقەت ناکەن مەگەر ئەوەندەی بۆ بینینی یەکێك لەو دووانە یەکترتان بێتاقەت کردبێت، خوای گەورە ڕوودەکاتە بەندەکەی و دەفەرمووێ: ئەی فلان! ئایا ڕێزم لێنەنایت و سەروەریم پێنەبەخشیت و هاوسەرم پێنەدایت، ئەسپ و وشترم بۆ نەهێنایە ژێربار، لێت نەگەڕام ببیتە سەرۆك و باج و خەراج بستێنی؟ دەڵێ: بەڵێ، ئەی پەروەردگار، دەفەرمووێت: ئایا بەئومێدی ئەوەبوویت بەدیداری من بگەیت؟ ئەویش دەڵێت: نەخێر! دەفەرمووێت: دەمنیش لەبیرت دەکەم وەك چۆن تۆ منت لەبیر کرد، ئەمجا دەگات بەدووەم و دەفەرمووێت: ئەی فلان! ئایا ڕێزم لێنەنایت و سەروەریم پێنەبەخشیت و، خاوو خێزانم پێنەدایت و ئەسپ و وشترم بۆڕا نەهێنایت، لێت نەگەڕام ببیتە سەرۆك باج و خەراج بستێنی؟ دەڵێ: بەڵێ ئەی پەروەردگار. دەفەرموێت: ئایا بەتەمابوویت کەبە دیداری من بگەیت؟ دەڵێ: نەخێر! دەڵێ: دەی منیش تۆ لەبیر دەکەم وەك چۆن تۆ منت لەبیر کرد. ئەمجا دەگات بە سێیەم هەمان شتی پێدەفەرمووێت: ئەویش دەڵێ: ئەی پەروەردگار باوەڕم هێنا بەتۆ و، بەکتێبی تۆو، بە پێغەمبەرانی تۆ و، نوێژم کرد و ڕۆژووم گرت و خێرم کرد، بەچاکترین شێوە چەندە بتوانێ ستایشی خۆی دەکات، دەڵێ: دەفەرمووێت: کەوابوو ئا لێرەدا ڕاوەستە. پاشان پێی دەگوترێت: هەر ئێستە شایەتی خۆمانت لەسەر دەنێرین، دەکەوێتە بیرکردنەوە لە خۆی: داخۆ کێ بێت شایەتیم لەسەر بدات؟ ئینجا مۆر ئەنرێت بەسەردەمیدا و، بەڕان و ئێسك و گۆشتی دەوترێت: بێنەگۆ! ئینجا ڕان و ئێسك و گۆشتی دێنە گۆ شایەتی لەسەر دەدەن لەسەرکردەوەکانی، **ئەمەیش بۆ ئەوەی بروبیانووی نەمێنێت**، ئەمەیش دووڕووە، ئەو کەسەیە کە خوا خەشم و قینی لێهەڵدەگرێت.

"ئیبنولوەزیری یەمانی" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لێرەدا قسەیەکی جوان لەم بارەوە دەکات، دەڵێت: سێ ڕێگەی ناسینی خوا بە گشتی هەن، ئەویش ڕێگەی نەفس و دەروون و ڕێگەی موعجیزەکان و ڕێگەی ئاسۆکان، هەموو ئەوانە قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێداون:

* **ڕێگەی تێڕامان لە نەفسەوە**، ئەوە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُتِلَ الْإِنسَانُ مَا أَكْفَرَهُ * مِنْ أَيِّ شَيْءٍ خَلَقَهُ * مِن نُّطْفَةٍ خَلَقَهُ فَقَدَّرَهُ﴾ (عبس: ١٧-١٩). واتە: ئادەمزاد بەکوشتچێت چەندە ناسوپاس و سپڵەیە، بۆ بیر ناکاتەوە: بزانێ خوا لەچی دروستی کردووە..؟! لەدڵۆپە ئاوێکی هەڵقوڵاو دروستیکردووە، جا ئەندازەی گرتووەو بەچەند قۆناغێکا تێیپەڕاندوو و ڕێکی خست.

یاخود دەفەرموێت: ﴿وَفِي أَنفُسِكُمْ أَفَلَا تُبْصِرُونَ﴾ (الذاريات: ٢١). واتە: وە لەخودی خۆیشتاندا بەڵگەگەلێ هەیە بۆ دۆزینەوەی خوا، دەسا لە خۆتان ناڕوانن و تەماشا ناکەن؟ سەیر ناکەن خوای گەورەچۆن ئێوەی دروست کردووە؟!

* **ڕێگای موعجیزەکان:** قورئانیش گەورترین موعجیزەیە، بەڵام ئەوەی کە مەبەستمە لەم خاڵەدا، ئیعجازە زانستییەکانە، وەك ئەو موعجیزانەی کە لەسەردەستی پێغەمبەران ڕوویداوە، وەك گۆچانەکەی موسا، زیندووکردنەوەی مردوو لە لایەن عیساوە، لەتکردنی مانگ لە لایەن پێغەمبەری ئیسلام و هەڵکشانی بەرو ئاسمان لە ڕێوڕەسمی شەوڕەوییەکەوە، یان دەرچوونی ئاو لە کەلێنی پەنجەکانییەوە.. هتد (سەڵات و سەلامی خوای گەورەیان لەسەر بێت).

---

(١) صحيح مسلم

* **ڕێگای ئاسۆکانەوە:** ئەویش ئەوشتانەیە کەلە جیهان دەگوزەرێن لەدەرکەوتنی ڕۆژ و مانگ و سوڕانی گەردوون و مەلەکردنی ئەستێرەکان لە ئاسمان و هاتوچۆکردنی با و ئەستێرەکان و باران و هەورەتریشقە و گەڕانی هەور و شاخ و کێو ڕووبار و میوەو درەخت و میوجات و... هتد هەموو ئەمانە نیشانەی یەکتایی خوان. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَالْفُلْكِ الَّتِي تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِمَا يَنْفَعُ النَّاسَ وَمَا أَنْزَلَ اللَّهُ مِنَ السَّمَاءِ مِنْ مَاءٍ فَأَحْيَا بِهِ الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَبَثَّ فِيهَا مِنْ كُلِّ دَابَّةٍ وَتَصْرِيفِ الرِّيَاحِ وَالسَّحَابِ الْمُسَخَّرِ بَيْنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَعْقِلُونَ﴾ (البقرة : ١٦٤). واتە: بەڕاستی هەیە لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی و جیاوازی شەووڕۆژ (بە کورتی و درێژی) و ئەو کەشتیانەی کەدێن ودەچن لەدەریادا، بەوشتانە کەقازانج دەگەیەنن بەخەڵکی وە ئەوەی کە خوا لەئاسمانەوە باراندی لە ئاو (باران)، پاشان زەوی پێ زیندوو کردەوە (پێ بووژاندەوە) پاش مردنی وە بڵاویکردەوە تێیدا لەهەموو جۆرە زیندەوەرێك، وە گێڕانی بایەکان(بە هەمووﻻیەکدا) وە ئەو هەورانەی ڕام کراوون لەناوەندی ئاسمان و زەویدا چەند بەڵگەن بۆ کەسانێك کە تێبگەن.

بۆیە لە "ئەعرابی"یەکیان پرسی چۆن پەروەردگاری خۆت ناسی؟ ئەویش گوتی: (البعرة تدل على البعير وآثار الخطا تدل على المسير، فسماء ذات أبراج، وأرض ذات فجاج، كيف لا تدل على العلي الكبير ؟!)[1] واتە: شوێنەواری وشتر بەڵگەیە لەسەر بوونی وشتر، شوێنپێ بەڵگەیە لەسەر ڕێکردنی ڕێکەرێك، ئاسمانی خاوەن ئەم هەموو ئەستێرەگەلە، زەوی خاوەن ئەم هەموو کونوقوژبنە، چۆن بەڵگە نین لەسەر دەسەڵاتی خوایەکی بڵندی گەورە!

## حاڵی مسوڵمانـــی جاهیل و بێئاگا

ناشێ هەر شتێك لەبارەی بێباوەڕی جاهیلەوە دەگوترێ لەبارەی مسوڵمانی جاهیلیشەوە بگوترێت، چونکە حاڵەتی مسوڵمان لەگەڵ بێباوەڕ گەلێ لە یەك جیایە. چون ئەوەی یەکەم کە کافرەکەیە، ئەوە بێئاگایە لەبارەی تەوحیدەوە، قەت گوێی لە ئایینی هیچ پێغەمبەرێك نەبووە. بەڵام ئەوەی دووەم مسوڵمانەو هەردوو شایەتییەکە دەهێنێت و باوەڕی بەم پەیامی پێغەمبەرە هێناوە، بۆیە ئەو فەرموودانەی کە لەسەر زەمەنی فەترە هێنامانەوە بۆ مسوڵمانان ناشێن.

## ئەو حاڵەتانەی کە تیایدا عوزر بۆ جەهلـــی باوەڕداران دەهێنرێتەوە

چەندین حاڵەت هەن کە تیایاندا عوزر بۆ جەهلی باوەڕداران دەهێنرێتەوە، لەوانە:

**یەکەم: پێ نەگەیشتنی فەرمانی شەرعی:**

هەرکەسێك بیانووی شەرعی پێنەگەیشتبێ و کوفر بکات بەکافر دانانرێت، وەك ئەو سەحابەی کەوا ئارەقی بەحەڵال زانی بوو، چونکە ئەوەی پێ نەگەیشتبوو کەوا حەرامە، یان ئەو کەسانەی کەوا بەردەوام لە نوێژا ڕوویان لە ( بيت المقدس) ئەکرد، لەبەر ئەوەی بێ ئاگابوون لەوە کەوا ڕووگە گۆڕاوە بە(كعبة)، تا ئەو کاتەی کە یەکێك لە بەنی (سليمة) هات بینی ڕووەو ( بيت المقدس) لە کڕنووش دان، بانگی لێکردن و پێی گوتن کەوا ڕووگە گۆڕاوە بە (کەعبە) دووجاران ئەمەی دووپات کردەوە، ئینجا ئەوان هەر لە چەمینەوەدا ڕوویان وەرگێڕا بەرەو (کەعبە).[2] یان ئەو پیاوەی کەوا وەسیەتی کرد کە ئەگەر مرد بیسووتێنن و خۆڵە مێشەکەی پەرت بکەن بەسەر وشکانی و دەریاکان، لەبەر ئەوەی کەوا گومانی هەبوو لەوە کەوا زیندوو بکرێتەوە، تەنها ئەوەبوو لەترسی خوا ئەو وەسیەتەی کردن، کەچی خوا لێی خۆش بوو، لە بەر ئەوەی عوزری جەهلی هەبوو.

**دووەم: تەئویلکردنی دەقەکان یاخود بە هەڵە حاڵی بوونی لە دەقەکان:**

هێندێ جار خاوەن کوفر عوزری بۆ دەهێنرێتەوە لە بەر ئەوە بە هەڵە لە دەقێك گەیشتووە یاخود تەئویلی دەقێکی کردووە یاخود ئیجتیهادی وا چووە.

هەروەك "عەدەی کوڕی حاتەم" (خوای لێ ڕازی بێت) ئەڵێ: کاتێ کەوا ئەم ئایەتە دابەزی کە دەفەرموێ: ﴿ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الْأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الْأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ ﴾ (البقرة:١٨٧) ئەڵێ: دوو داوە دەزووی ڕەش و سپیم هەڵگرت و لە ژێر جێگاکەی خۆم دانا! ( لەکاتی پارشێوا) سەیرم کرد و نەم بینینەوە؟!! ئەڵێ: ئەمەم بۆ پێغەمبەر "صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى

(١) آثار الحق على الخلق: ص ٤٥-٥٢

(٢) رواه مسلم وغيره

آلِهِ وسَلَّم" باس كرد و پێـكەنـی! فەرمووی: بەڕەكەت زۆر دوورو درێژە ! ! (نەخێر) مەبەست له ئایەتەكە ئەوە نییه بەڵكوو مەبەست پێ شەوو ڕۆژە.[1] گومانیشی تیا نی یە كه ئـەو كاتـەی سـەحابەكان پارشێویان ئـەكرد تـاكو نزیك ڕۆژ هـەڵاتی ئەخایاند، بەلام پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" ڕۆژووەكەی به " عەدەی" نەگێڕایەوە چونكه بـه هەڵـه لـه ئایەتەكـه گەیشتبوو.

**سێیەم: ئەوكەسەی تازە هاتۆتە نێو ئیسلامەوە، ئەگەر هێندێ كوفری لێ بینرا، مەرج نییە پێی كافر ببێت!**

چونكه ئەو كەسەی كه تازە دێتە ناو ئیسلام مەرج نییە كه هەر لە قۆناغی یەكەمدا هەموو شتێك لە بارەی ئیسلامەوە ئیسلام فێر ببێت. وەك ئەو كەسانەی كە لە ڕۆژی (حونین)دا بە پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"یان گوت: «اجْعَلْ لَنَا ذَاتَ أَنْوَاطٍ كَمَا لَهُمْ ذَاتُ أَنْوَاطٍ» واتە: ئەی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" هەروەك ئەوان دارێكی پیرۆزیان هەیە بۆ هەڵواسینی شمشێرەكانیان، تۆش دارێكی پیرۆز بۆ ئێمە دەستنیشان بكە ! ! كەچی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بە كافری دانەنان، چونكە ئەوان لەگەڵ فەتحی مەككەدا مسوڵمان ببوون و هێشتا تازە بوون لە ئیسلامدا.

یان وەك "موعاویەی كوری حەكەمی سلەمە" ئەڵێ ڕۆژێك نوێژم لە گەل پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەكرد، پیاوێك پشمی، منیش گوتم (يرحمك الله)! بینیم كە خەڵكەكە بە تیلەی چاو سەیرم دەكەن، منیش هەر لە نوێژەكەدا گوتم ئەی لە دایكم كەوم ئەوە چیتانە واسەیرم دەكەن؟! ئەوانیش بەدەستەكانیان لە ڕانی خۆیان ئەدا، ئینجا زانیم كەوا ئەیانەوێ بێدەنگم بكەن! ئەڵێ: كاتی كە لەنوێژ بووینەوە، پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" نە لێیدام نە رقی لێگرتم و نە جنێویشی پێدام! پاشان فەرمووی: ئەم نوێژە هیچ قسەیەكی تیا دروست نییە كە بكرێت جگە لە تەسبێحات و تەكبیركردن و خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز، جگە لەوە پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" نوێژەكەشی پێ نەگێڕایەوە![2]

**چوارەم: ئەوانەی كە لە دووری وڵاتاندا ژیان دەبەنەسەر وەك بیابان و دێهاتە دوورەكان، زانستی شەرعیان كەم پێ دەگات:**

ئەوانە عوزریان بۆ دەهێنرێتەوە، چونكە یەكەم: زانست و زانیاری تێدا كەمە، بە هۆی دوورییەوە، دووەم: خەڵكەكەش ناتوانن، كە لەبەر دووری شوێنەكە بڕۆن لە شوێنان لە زانست و زانیـاری شـەرعی بەهرەمەنـد بـبن. بۆیـە گـەر بشـكەونە نێـو هێندێ لە شیرك و كوفرەوە، ئـەوە عوزریـان بـۆ دەهێنرێتـەوە، بـەڵام هـەر لەسـەریان دەبێـت كـە هـەوڵ بـدەن كـە زانستە شەرعییەكان خۆ بەهرەوەر بكەن،

بەڵام ئەوەی كە جێی سەرنجە ئەوەیە كە ئەگەر كوفرەكەیان لە بەر كەم تەرخەمی بوبێت و خۆیـان مانـدوو نـەكردبێت كە شارەزایی پەیدا بكەن لە شەریعەت و بەرنامەی خوادا ، ئەوا هێندێ جار هیچ عوزرێك بۆ كوفرەكانیان ناهێنرێتەوە. چونكە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ أَرْضِي وَاسِعَةٌ فَإِيَّايَ فَاعْبُدُونِ﴾ (العنكبوت: ٥٦) واتە: ئەی ئەو بەندانەی كەوا باوەڕتان هێناوە، (بزانن) كەوا زەوی خوا پان و بەرینە، بەتـەنها مـنی تیـا بپەرستن. كەواتـە بـەپێی تواناو دەسـەڵاتێك كـە هەیانـە ئـەبێ بـە كـون و قـوژبنی زەویـدا ڕێبكـەن بـۆ وەدەستخسـتنی ئـەو زانسـتە شـەرعییە، چـەندیش ئیمكـان نـەبێ و دەستگیربوون بە زانستە شەرعییەكان ئەستەم بێت، ئەوەندە عوزریان بۆ دەهێنرێتەوە.

هەروەك "ئیبنوحەزم" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: ئەگەر یەكێك باسی پێغەمبەری پێ گەیشت، كەچی لە وڵاتەكەی خۆی هەواڵ و باسی ئەم پێغەمبەرەی بە باشی دەستنەكەوت، ئەوا لەسەری فەرز دەبێت كە بۆی بچێت.[3]

**ئایا ئەوەی كە جنێو بەخواو بە پێغەمبەران ئەدات عوزری بۆ دەهێنرێتەوە؟**

باسمان كرد كە عوزری بێباوەڕی جاهیل و بێئاگا لەگەڵ عوزری باوەڕداری مسوڵمان زۆر لەیەك دوورن، بابای كافر ئەوانەی كە ئەهلی فەترەن و هیچ ئاگاداری پێغەمبەرێكیان پێ نەگەیشتووە، جیاوازی زۆرە لەگەڵ مسوڵمانێك كە هەقی

---

(١) متفق عليه، صحيح سنن ابي داود /٢٠٥٩

(٢) صحيح سنن ابی داود/ ٨٢٣

(٣) الاحكام/٥/١١٢

پێگەیشتووە، بۆیە بابای مسوڵمان کە دەکەوێتە کوفری جنێودان بە خواو پێغەمبەرەوە ئەوە پێشتر ئیقامە حوججەی لەسەر کراوە، بۆیە هەرگیز ئەم کارە قێزەونەی بە عوزر بۆ وەرناگیرێت، هەرچەندە بەجەهلیش بیکات، بۆیە کەمترین خاترگرتنی بەندکردنیەتی لە شوێنێك و پاشان سێ ڕۆژ داوای تۆبەو پەشیمانی لێ دەکرێت، ئەگەر تۆبەی کردو پەشیمان بووەوە، ئەوە باشە، دەنا لەسەری دەدرێت! چونکە بەم کارەی لە ئیسلام هەڵگەڕاوەتەوە! بە تایبەت لەوەسەردەمەی ئێستاماندا فاسقترین و خرابترین کەس دەزانێ کە جنێودان بەخواو بە پێغەمبەر تاوانێکی گەورەیە، هەتا ئەگەر یەکێك کوفری کرد، ئەوی تر پێ ناڵێت: بۆ جنێوت دا بەڵکوو دەڵێت بۆچی کوفرت کرد! بۆیە ئەوەی کە لێرە تەنها بەم جۆرە سووکایەتیکردنە لە ئیسلامی ناباتە دەرەوە مورجیئەکانی ئەو سەردەمەن کە ناویان لەخۆیان ناوە بە سەلەفی (مورجیئەی زەمانە) کە لەهەموو ڕەوشتێکی سەلەفی داماڵدراون!! کە ئەگەر کەسێ جنێوی بەخواو پێغەمبەردا ئەم کارەی بۆ ناخەنە بازنەی کردەوەکانەوە (خوا پەنامان بدات)، چونکە دەڵێن ڕەنگە ئەو کەسە عوزری بەجەهلی هەبووبێت!! لەوانە کە حەیفێ بەم جۆرە ئەدوێن شێخی بەڕێز (ئەڵبانی)یە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) کە لە کاسێتی (الكفر كفران)دا دەڵێت: من هەرگیز وا نابینم کە ئەوکەسەی کە جنێو بەخواو بە پێغەمبەر ئەدات بەمە کافر بێت، چونکە ڕەنگە ئەم قسەی بەجەهلەوە کردبێت، یان لە ئەنجامی خراپ پەروەردەکردنیەوە بووبێت، یان لە بێ ئاگاییەوە بووبێت (خوا پەنامان بدات).

بەڵام "شێخولئیسلام ئیبنوتەیمییە" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە کتێب (الصارم المسلول على شاتم الرسول) پێچەوانەی هەموو ڕاوبۆچوونە مورجیئییانە دەداتەوە دەفەرموێ: (قال: ألإمام إسحاق بن راهويه أحد الأئمة الإعلام. ( اجمع المسلمون على أن من سب الله، أو سب رسوله "صلى الله عليه وسلم"، أو دفع شيئاً مما أنزل الله عز وجل، أو قتل نبيا من أنبياء الله عز وجل، أنه كافر بذلك، وإن كان مقراً بكل ما أنزل الله). واتە: "ئیسحاقی کوڕی ڕاهەوەی" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) کە یەکە لە پێشەوایان ئیسلامی لەکەڵە زانیانی نەیسابوورە، ئەڵێت: تێکڕای مسوڵمانان لەسەر ئەوەن کە کەسێك جنێو بە خوا یان بە پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بدات، یان شتێك لەوە ڕەت بکاتەوە کە خوا دایبەزاندووە، یان پێغەمبەرێك لە پێغەمبەرانی خوا (عليهم السلام) بکوژێت، ئەوە کافرە، ئەگەریش دان بە هەموو ئەوانەش دا بهێنێت کە خوا دایبەزاندوون.

هەروەها "موحەممەدی کوڕی سەحنون" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: (أجمع العلماء على أن شاتم النبي "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" والمتنقص له كافر). واتە: تێکڕای زانایان یەك دەنگن کە ئەو کەسەی کە جنێو بە پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بدات یان لە شان و شکۆی کەم بکاتەوە کافرە.

هەروەها دەڵێت: (أن الساب إن كان مسلماً فإنه يكفر، ويقتل بغير خلاف وهو مذهب الأئمة وغيرهم) واتە: ئەو کەسەی کە جنێوەکە ئەدات ئەگەر مسوڵمان بێت ئەوە پێی کافر دەبێت و ئەشکوژرێت بە بێ هیچ شەك و گومانێك، ئەمەش ڕای هەر چوار مەزەب و مەزەبەکانی ترە.

هەموومان چیرۆکی "کەعبی کوڕی ئەشرەف" دەزانین کە چۆن بە هۆنراوە سووکایەتی بە پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" و خاو خێزانەکانی ئەکرد! پێغەمبەریش "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمووی: (من يكفيني عدوِّيَ) واتە: کێ ئەو دوژمنەم لەکۆڵ دەکاتەوە، "موحەممەدی کوڕی مەسلەمە" (خوا لێی ڕازی بێت) هەڵسایەو سەر پێ و گوتی: من ئەی پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم".

"موحەممەدی کوڕی مەسلەمە" وەك پیاو خۆی بۆ ئامادە دەکات، هەر ئەو شەوە کە کەعب خۆی بۆ شەوی زاوایەتی ئامادە کردبوو، "موحەممەدی کوڕی مەسلەمە" کە ڕێگەی لە پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" وەرگرتبوو کە هەر هۆیەك بە کار بهێنێت بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی لە لای "کەعبی کوڕی ئەشرەف" شیرین و دڵنیا بکات.. "موحەممەدی کوڕی مەسلەمە" بانگی ئەکات و ئەویش زۆر بە سەربەستی و دڵنیاییەوە بە دەنگ "موحەممەدی کوڕی مەسلەمە" دەچێتە دەرەوە، دەڵێت: "کەعب" ئەمشەو تۆ بۆنت زۆر خۆشە حەز دەکەم کەمێ خۆت بۆم نەوی بکەیت و کەمێ بۆنت بکەم، ئەویش خۆی بۆ نەوی دەکات و "موحەممەدی کوڕی مەسلەمە"ش بە هەموو هێزی خۆییەوە شمشێرەکەی لە سکی کەعب دا توند دەکات و کوناودەری دەکانو و لە خوێنێیدا دەگەوزێنێ!

پاشان جێی دەهێڵێت: بەڵام بە گومان دەبێت لەوە کە کەعب مردبێت، بۆیە هەمدیس دەگەڕێتەوە سەری و خۆی دە مامك ئەداو دەڵێت: ئەوە چیبووە کەعب؟ ئەویش کە نایناسێ و دەڵێت: فولانکەس شمشێری لێ وەشاندم! "موحەممەدی کوڕی مەسلەمە"ش کە دەزانێ نەمردووە، یەکسەر سەری لە لاشە جیا دەکاتەوەو بۆ پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"ی دەهێنێتەوە.!

ئەمە لە کاتێکدا کە "کەعبی کوڕی ئەشرەف" بێباوەڕیش بوو، چجای بڕوادار ئەگەر جنێو بە خوا پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بدات! دەبێ حوکمی چی هەبێت!

هەروەها "شوعبی" له "عەلی کوری ئەبووتالب" ( ڕەزای خوایان لێ بێت) دەگێڕتەوە دەفەرموێ: ئافرەتێکی جوولەکە جنێوی دا بوو بە پێغەمبەر "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" پیاوێکی مسولمانیش کە ئەمە دەزانێت ئەچێت دەستی لە گەرووی ئەنێ و ئەیخنکێنێت، کەچی پێغەمبەر "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" خوێنەکەی بە حەڵاڵ زانی.[(١)]

ئەمە چەند ڕوونکردنەوەیەکی پێویستبوو لەبارەی ئەو تاوان و سەرپێچیانەی کە بەجەهل و نەزانیەوە ئەنجام دەدرێن، کە زانایان ناویان لێناوە بە (العذر بالجهل).. خوای گەورە چاوکراوەو شارەزاییمان بەم دینە پـێ ببەخشـێ و شـوێنی کـەوین، نەزانی و جەهل و بەدحاڵیبوونمان لێ دوورخاتەوەو بەهرەوەرمان کات. (ئامین)

---

(١) رواه ابو داود / سەیری نووسراوی بەکافرکردن بکە

**سەرچاوەکانی ئەم نووسراوە:**

(١) الجامع في طلب العلم الشريف — شيخ عبدالقادر عبدالعزيز
(٢) قواعد في التكفير — شيخ ابوبصير
(٣) العذر بالجهل و قيام الحجة — شيخ ابوبصير
(٤) **تەفسیری ڕامان — م. ئەحمەد کاکە مەحموود**
(٥) **پوختەی تەفسیری قورئان — م. موحەممەد مەلا ساڵح**